Kirkuk University Journal: Humanity Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
https://kujhs.uokirkuk.edu.iq
DOI: 10.32894/1992-1179.2025.164661.1261
Date of research received 9/01/2025, Revise date 10/04/2025 and accepted date 10/04/2025

# Reflection Of Class And Union Struggle In Southern Kurdistan In Kurdistan Road Newspaper ''Rygai Kurdistan" (1991-1994)

**Assit. Prof. Dr. Faraydoon Abdulrahim Abdullah**

**Abstract**

The newspaper *Rygai Kurdistan*, which served as the mouthpiece of the Kurdistan Communist Party, was one of the most active newspapers following the 1991 uprising. As an ideologically driven publication with a Marxist perspective, it devoted significant attention to class struggle and union activism in southern Kurdistan.

This study employs a narrative approach to highlight the importance of this newspaper in this context. Through research and analysis, the study has reached several conclusions, the most notable being that the newspaper, both in its historical coverage and journalistic activities, placed great emphasis on issues of class struggle and union movements in southern Kurdistan. These topics are considered crucial historical tools for narrating aspects of the historical reality of certain class struggles, particularly in the Erbil region. Furthermore, the newspaper serves as an important source for documenting the history of key professional unions in southern Kurdistan.

**Keywords**: worker, peasent, uprising, demonstration, strikes.

# انعكاس النضال الطبقي والنقابي في جنوب كردستان في صحيفة ريّگای كوردستان" طريق كوردستان(1994-1991)

ا.م.د.فريدون عبدالرحيم عبدالله*

**الملخص**

صحيفة رێگای كوردستان"طريق كوردستان"، التي كانت لسان حال اقليم كوردستان - الحزب الشيوعي العراقي ثم الحزب الشيوعي الكوردستاني، تعد واحدة من الصحف النشطة بعد انتفاضة عام ١٩٩١. وباعتبارها صحيفة ذات توجه أيديولوجي وفكر ماركسي، أولت اهتماما كبيرا بالنضال الطبقي والنقابي.

تعتمد هذه الدراسة على منهج التحليل السردي لتسليط الضوء على أهمية هذه الصحيفة في هذا السياق. وبعد البحث والتحليل، توصلت الدراسة إلى عدة استنتاجات، أبرزها أن الصحيفة، سواء في تغطيتها التاريخية أو في نشاطها الصحفي، ركزت بشكل كبير على قضايا النضال الطبقي والنقابي في جنوب كوردستان. كما أن هذه الموضوعات تعتبر أدوات تاريخية مهمة لسرد جزء من الواقع التاريخي لبعض الحركات الطبقية، لا سيما في منطقة اربيل. بالإضافة إلى ذلک، تشكل الصحيفة مصدرا مهما لتوثيق تاريخ النقابات المهنية البارزة في جنوب كوردستان.

**الكلمات المفتاحية:** العمال، الفلاحين، انتفاضة، الاعتصام، المظاهرات.

* جامعة صلاح الدين / كلية الادب /قسم التاريخ faraydoon.abdullah@su.edu.krd

# ڕەنگدانەوەی خەباتی چینایەتیی و سەندیکایی باشووری کوردستان
# لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان دا ماوەی ساڵانی( ١٩٩١ – ١٩٩٤ )

پ.ی.د.فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا

پووختە:

ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ی باشووری کوردستان ، یەکێک بوو لە ڕۆژنامە چالاکەکان، سەرەتا زمانحاڵی هەرێمی کوردستان- حیزبی شیوعی عێراق بوو، پاشان بووە زمانحاڵی حیزبی شیوعی کوردستان، وەکو ڕۆژنامەیەکی خاوەن فیکرو ئایدۆلۆجیای مارکسیی بایەخی زۆری بە خەباتی چینایەتی و سەندیکایی داوە، لەم ڕووەشەوە چەندین بابەتی مێژوویی و ڕیپۆرتاجی بڵاوکردۆتەوە، کە دەکرێت بۆ گێڕانەوەی مێژووی ئەم جۆرە خەباتە لە کوردستان گرنگی مێژوویی زۆریان هەبێت و بەشێک بن لە کەرەستەی گێڕانەوەی ئەو مێژووە ، بۆیە ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر خستنەڕووی گرنگیی ئەم ڕۆژنامەیە دەکات لەم ڕووەوە ، ئەویش بە پشتبەستن بە میتۆدی گێڕانەوەی مێژوویی. توێژینەوەکە دوای بەدواداچوون و شیتەڵکردنی ئەو زانیارییانە بە چەند ئەنجامێک گەیشت ، کە گرنگترینیان ئەوەیە ، ئەم ڕۆژنامەیە لە کارەکانیدا چ وەکو بابەتی مێژوویی یان بە دواداچوونە ڕۆژنامەییەکانی بایەخی زۆری بە لایەنی چینایەتیی و خەباتی سەندیکایی داوە ، کە دەکرێت ئەو بابەتانە گرنگی تایبەتیان هەبێت وەکو کەرەستەی مێژوویی بۆ گێڕانەوەی بەشێک لە واقیعی خەباتی چینایەتیی بە تایبەتی ناوچەی هەولێر، هاوکات گرنگ بن بۆ مێژووی سەندیکایی هەندێک پیشەی گرنگی باشووری کوردستان .

کلیلی وشەکان: کرێکاران، جووتیاران، ڕاپەڕین، مانگرتن، خۆپیشاندان.

پێشەکیی:

ڕێگای کوردستان سەرەتا وەک زمانحاڵی هەرێمی کوردستان- حیزبی شیوعی عێراق پاشان حیزبی شیوعی کوردستان، یەکێک بووە لە ڕۆژنامە چالاکەکانی ماوەی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کوردستان ، کە لە بواری خۆیدا کاری گرنگی لە بارەی خەباتی چینایەتیی و سەندیکایی لە باشووری کوردستان ئەنجامداوە، ئەویش لە سۆنگەی ئایدیۆلۆجیای حیزبی شیوعییەوە کە حیزبێکی مارکسیی بووە ، لەم سۆنگەیەشەوە چەندین بابەتی مێژوویی و ڕیپۆرتاجی بڵاوکردوونەتەوە، کە دەکرێت بۆ گێڕانەوەی مێژووی ئەم جۆرە خەباتە لە

کوردستان گرنگی مێژوویی زۆریان هەبێت ، بەڵام تا ئێستا هیچ کارێک و بەدواداچوونێکی ئەکادیمیی لە بارەوە ئەنجامنەدراوە ، هەربۆیە ئەم کارەی ئێمە هەوڵێکە بە ئامانجی دەرخستنی رۆڵی بابەتەکانی ئەو رۆژنامەیە لە بواری مێژووی خەباتی چینایەتیی و سەندیکایی لە باشوری کوردستاندا بە شێوەیەکی زانستیی، بەمەبەستی گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە :

١ -ئایا ئەم رۆژنامەیە تا چەند گرنگی بە خەباتی چینایەتیی و سەندیکایی داوە؟ بۆ؟

٢ -ئایا لە کارەکاندا تا چەندە بێلایەنی دیارە؟

٣ -گرنگی ئەو بابەتانە لە گێرانەوەی واقیعی مێژووییدا چین؟

ئەم کارە پشتبەست بە میتۆدی وەسفیی شیکاریی لە رێگەی کۆکردنەوەی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەم بوارە و شیکردنەوەیان بۆ ئەنجام دراوە .

گرنگی ئەم بابەتەی ئێمە لەوەدایە، کە لە بوارێکی مێژوویی دەکۆڵێتەوە ، کە لە بواری مێژوونووسیی کوردییدا زۆر ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، هاوکات کارەکە بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان و لایەنە سیاسییەکان و لایەنی کارگێڕیی و رێکخراوەکانیش گرنگە، بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی رابردوو وەربگرن، لە هەنگاوەکانی ئێستایاندا .

سنووری ئەم کارەی ئێمە لە رووی بابەتییەوە زیاتر ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە لە بارەی خەباتی چینایەتیی و سەندیکاییەوە لە باشووری کوردستان لەو رۆژنامەیەدا بڵاوکراونەتەوە ، لە رووی کاتیشەوە تەنها ئەو ژمارانە وەرگیراون کە لە ماوەی دوای راپەڕیندا بڵاوکراونەتەوە لە ساڵی (١٩٩٢- ١٩٩٤) کە خۆیان لە ١٠٦ ژمارە دەبیننەوە .

لەم کارەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ژمارەکانی رۆژنامەی رێگای کوردستان بەستراوە، هاوکات بۆ بەراوردکردنی زانیارییەکان و تاوتوێکردنیان پشت بە هەندێک سەرچاوەی دیکەش بەستراوە .

**یەکەم: خەباتی چینایەتیی**

١ -راپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر

بابەتێکی گرنگ وەك بەشێك لەمێژووی خەباتی چینایەتیی کە لە رۆژنامەی رێگای کوردستاندا رەنگیداوەتەوە، بابەتێکە بەناونیشانی (بەبۆنەی یادی ٤٠ ساڵەی ئەم راپەڕینەوە: راپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر) لە نووسینی (ب.هەوراز)، تێیدا نووسەر بە چوار بەش و لە چوار ژمارەی جیاوازدا باسی ئەو راپەڕینە دەکات کە لە ساڵی ١٩٥٣ دا جووتیاران دژی ستەمی دەرەبەگەکانی ئەو ناوچەیە بەرپایان کردووە، کە لە خوێندنەوەی بابەتەکەدا دەتوانین بەمجۆرە ئەو لایەنانە بخەینەڕوو ، کە نووسەر شەن و کەوی کردوون.

أ- دەشتی هەولێر و موڵکایەتیی ناوچەکە

لە بەشی یەکەمی بابەتەکەدا، نووسەر سەرەتا پێناسەیەکی کورتی دەشتی هەولێر بەم شێوەیە دەکات: دەشتێکی پان و فراوانە، هەموو گوندەکانی ناحیەی قوشتەپەو گوێڕو دیبەگەو قەزای مەخمور دەگرێتەوە. چەند دەشتێکی بچووك لەخۆی دەگرێت وەك دەشتی پشت ڕێ (سەرووی جادەی کەرکوك- هەولێر)، موڵکیە، شەمامك، قەراج و کەندیناوە، هەردوو زێی

گەورەو بچووك سنووری ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی بۆ دەكێشن، چیای قەرەچوخیش دەشتی قەراج و كەندێناوە لەیەكتر جیادەكاتەوە (ڕێگای كوردستان، ژمارە (٤٥)، ١٩٩٣/٢/٩).

دەشتی هەولێر لە ساڵانی پەنجاكاندا نزیكەی ٥٠٠ گوندی تێدا ئاوەدان بووە، لەو ژمارەیەش نزیكەی ٢٠٠ گوندی لەبەردەستی ئاغاكانی دزەیی دا بوون، زیاتر لە ٢٠ گوندیش لەژێر دەستی هەندێ خاوەن موڵكی هەولێرییدا بوون كە بە ئاغای هەولێریی بەناوبانگن، گوندەكانی دیكەش لەژێر دەستی عەشیرەتە بچووكەكانی ناوچەكەدا بوون، هەر گوندێكیش كوێخای خۆی هەبوو. جووتیارانی ئەو دەشتە، لەبەرئەوەی لەیەك ئاستی ئابووری خاوەندارێتی زەویدا نەبوون، چەوساندنەوەش لەسەریان ڕێژەكەی جیاواز بووە. بە شێوەیەكی گشتی خاوەنێتی زەوی هی ئاغاكان بوو، بەڵام ژمارەیەكی كەمی جووتیارانیش هەبوون كە پارچە زەوی لەخۆیان زیاتریان لەژێر دەستدا بوون، ژمارەیەكیشیان مەمرەو مەژی پارچە زەوییەكیان لەبەردەستدا بوو، بەڵام ڕێژەیەكی زۆریان بێ زەوی بوون، ژمارەیەكیان لەلایەن ئاغاوە ساڵانە پارچەیەك زەوییان پێدەدرا، تا بۆ خۆیان بەرهەمی بهێنن و لەبەرانبەردا موڵكانە بدەن بە ئاغا. ژمارەیەك لە جووتیارە بێ زەوییەكانیش وەك كرێكاری كشتوكاڵیی لەلای ئاغاو خاوەن زەوییەكان كاریان پێدەكرا. هەموو جووتیارێك دەبوایە ٢٠%ی بەرهەمەكەی بە ئاغا بدات، ئەمە جگە لە بوونی هەندێ سەرانەی ئیلزامیی نائابووریی و بێگاریی و هەڵسوكەوتی ڕۆژانەی نامرۆڤانە لەلایەن ئاغاوە بەرانبەر جووتیار لەو كاتەی سەربزێوی لە فەرمانەكانی بكردابووایە (ڕێگای كوردستان، ژمارە(٤٥)، ١٩٩٣/٢/٩).

ئاغاكانی دزەیی لە چوار بنەماڵە پێكهاتوون، لەسەر زەوی و گوندەكان هەمیشە لەگەڵ یەكتر ناتەبا بوونە، بەهۆی شەڕی خوێناوی نێوانیشیانەوە زۆرجار جووتیارانیان دووچاری كارەساتی دڵتەزێن كردووە، بەڵام هەركاتێك مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەكانیان دروست بووبێت، ئەوا كێشەی نێوانیان بەلاوە ناوە (ڕێگای كوردستان، ژمارە (٤٧)، ١٩٩٣/٢/٢٣).

ب- هۆكارەكانی ڕاپەڕینەكە

نووسەر هەوڵیداوە لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوەو ئەو پاشخانە ئایدیۆلۆجیەی هەیبووە ، كە ڕوانینێكی ماركسیانە بووە ، هۆكارەكانی ڕاپەڕینەكە لە چەند خاڵێكدا كۆبكاتەوە، لەوانە ئەو پێیوایە، كە نزیكبوونی دەشتی هەولێر لە هەر سێ شاری هەولێر، كەركوك و موسڵ وایكردوە جووتیارانی ئەم ناوچەیە زیاتر بە بەشارستانییەت ئاشنا بن ، كە دواجار ئەوەش كاریگەریی هەبووە لە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیارییان و درككردن بە چەوسانەوە. هەروەها وایدەبینێت كە نەبوونی سۆزی عەشایەری لە نێوان ئاغاو جووتیاراندا، هۆكارێكی دیكەی ڕووداوەكە بووە . لە لایەكی دیكەشەوە نووسەر دەڵێت: هەڵخەڵەتاندنی جووتیاران لەلایەن ئاغاكانەوە لە كاتی جێبەجێكردنی یاسای (تسوية حقوق الاراضي) ژمارە ٢٩ ساڵی ١٩٣٨ (بۆ زانیاریی دەربارەی ئەو یاسایە بڕوانە: جريدة الوقائع العراقية، العدد (١٦٢٥)، ١٩٣٨/٤/١١)، كە زۆر لە ئاغاكان زەوی جووتیارانیان بەناوی خۆیانەوە تاپۆ دەكرد، یەكێكی دیكە بووە لە هۆكارەكان، چونكە بەلای ئەوەوە ئەمە بۆتە هۆی دروستبوونی كۆسپ لەبەردەم پەرەسەندنی ئابووریی و كۆمەڵایەتیی ئەویش بەهۆی توندبوونی ململانێی چینایەتیی نێوان ئاغاو جووتیارانەوە، ئەوەی زیاتریش دۆخەكەی ئاڵۆزكردووە ڕابواردن و گەشتی ئاغاكان بۆ شارە گەورەكان و دەرەوەی وڵات بووە كە پێویستی بە پارەی زۆر هەبوو، بۆ ئەوەش فشاری زیاتریان دەخستە سەر جووتیاران(ڕێگای كوردستان، ژمارە (٤٧)، ١٩٩٣/٢/٢٣) .


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

خوێندنەوەی ئەم بابەتە ئەوە روون دەکاتەوە، کە نووسەر ئاماژەی بە بەشێکی زۆری هۆکارە ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکانی رووداوەکە داوە، هەرچەندە نەیتوانیوە تەواوی هۆکارەکان دیاریبکات، چونکە سەرەڕای ئەو هۆکارانەی سەرەوە، هەروەکو لە سەرچاوەکاندا هاتووە چەندین هۆکاری دیکەش کاریگەرییان هەبوو بۆ سەرهەڵدانی راپەڕینی جووتیاران، لەوانەش بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیریی لە نێو خوێندکاراندا، بەتایبەت ژمارەیەك لە کوڕە ئاغاکان کە لە هەولێرو بەغدا دەیانخوێند تێکەڵ بەژیانی سیاسی بوون لەو رێگەیەشەوە ئاشنابوون بە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازیی، ئەوانیش کاریگەرییان خستە سەر جووتیاران لە رووی هۆشیارکردنەوەو راکێشانیان بۆ نێو رێکخستنە سیاسییەکان (قادر، ٢٠٠٥، ل٢٤٤). هەروەها پێشکەوتنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانیش هۆکارێکی دیکە بوو، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی ئامێر لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییدا، بووە هۆی بێکاربوونی ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران، بەمەش دەرەبەگەکان توانیان زەوی لەژێر دەستی جووتیاراندا دەربهێنن و بۆ بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان و گەورە بازرگانان بەکاریبهێنن (خيري، ١٩٧٨، ص٢٠٦، بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هۆکارەکانی ئەو راپەڕینە، بڕوانە: حیزبی شیوعی کوردستان، ٢٠٠٢، ل٥-٦٠؛ مەلا یەحیا، ٢٠٠٦، ل١١-٢٧؛ البوتاني، ٢٠٠٧- أ ، ص٢٧٣-٢٨٧).

جگە لەو هۆکارە ئابوری وکۆمەڵایەتییانە، هاوکات نووسەر پێیوایە لایەنی سیاسییش رۆڵی هەبووە لەوەی جوتیاران هەڵوێستیان بەرانبەر بە ئاغاکانیان بگۆڕێت و زەمینەی راپەڕین خۆش بکەن، لەوانە ئەو دەڵێت: خۆبەستنەوەی زۆربەی ئاغاکان بە حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی بریتانیاوە بۆ دژایەتیکردنی هەردوو جوڵانەوەی کۆمۆنیستیی و رزگاریخوازیی کوردستان، کاریگەریی هەبووە لە سەرهەڵدانی ئەو راپەڕینەدا ، چونکە بۆتە هۆکاری زیاتر رقئەستووربوونی جووتیاران بەرانبەر بە ئاغاکانیان. هەروەها نووسەر پێیشیوایە لە بەرانبەر بەو هەڵوێستەی ئاغاکان و دەوڵەتدا خەباتی سیاسیی و هەستی چینایەتیی لە ناوچەکەدا زیاتر پەرەیسەندووە تایبەت بیری سۆسیالیستیی. هەروەها دەڵێت: دوای سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤیەت لە جەنگی دووەمی جیهانییدا ئیدی جوڵانەوەی دیموکراسیی لە عێراق و جوڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان پەرەیانسەندووە، بە تایبەت حیزبی شیوعی عێراق کە لەو ماوەیەدا جەماوەرێکی بەرفراوانی جووتیارانی لە خۆی کۆکردبۆوەو یەکەم کۆمەڵەی نهێنی جووتیارانیشی لە گوندی مورتکەی سەر بەقوشتەپە لەساڵی ١٩٥٣ دا دامەزراند. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش جەماوەرێکی زۆری جووتیارانی لەگەڵدابوو، بەڵام کەمتر بوون لە هی حیزبی شیوعی (رێگای کوردستان، ژمارە (٤٧)، ١٩٩٣/٢/٢٣). کە لە راستیدا ئەمە تا رادەیەکی زۆر کاریگەر بووە و بەپێی سەرچاوەکان ئەو رێکخستنە سیاسییانە، سەرەڕای کاریگەری سیاسیی، لە رووی راگەیاندنیشەوە کاریگەریی خۆیان هەبوو بۆ سەر هۆشیاریی جووتیاران، بۆ نموونە حیزبی شیوعی عێراق لەو ماوەیەدا بڵاوکراوەی تایبەت بە خەباتی جووتیارانی هەبووە کە ئەوانیش (بانگی فەلاح و دەنگی داس) بوون، کە ببوونە سەرچاوەیەکی سەرەکی هاندانی خەباتی شۆڕشگێڕیی و دژایەتیکردنی دەرەبەگەکان(قادر، ٢٠٠٥، ل٢٤٣). هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش رۆژنامەی (نرکەی جووتیار)ی لە شارەزوور دەردەکردو تێیدا باسی لە کێشەکانی جووتیاران دەکرد (سمايل، ١٩٩٠، ل ٧٦-٧٧).

بە گشتی دەکرێت لە گێرانەوەکانی نووسەردا لە بارەی هۆکارەکانی راپەڕینەکەوە تا رادەیەکی زۆر ئەو بخوێنینەوە کە نووسەری بابەتەکە توانیویەتی بەشێکی زۆر لە هۆکارەکانی

ڕاپەڕینەکە ڕوون بکاتەوە ، کە هەڵقوولاوی واقیعی ژیانی ئەو کاتەی جووتیارانی ناوچەکە بووە و بەشێک بوون لە داخوازیی و کێشە ڕاستەقینەکانیان لەو ماوەیەدا .

ج- ڕەوتی ڕووداوەکان

نووسەری ئەو بابەتە لە بەشی دووەمی بابەتەکەیدا، باس لە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر و بەشێک لە ڕووداوەکانی دەکات. دەڵێت: گوندی قازیخانەی سەر بە قوشتەپە بووە دەروازەی ڕاپەڕینەکە ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی لە کۆتایی شوباتی ١٩٥٣دا حوسین مەلا کە ئاغای گوندەکە بوو داوای لە جووتیارانی گوندەکەی کرد ، هەر جووتیارێك بە ڕەشەووڵاخ جووت بکات، پێویستە یەك عەلبە گەنم واتا ١٦ تەنەکە بدات بە ئاغا. ئەوەش بووە هۆی توورەبوونی جووتیاران، لەبەرئەوەی پێشتر سەرانەی پێویستیان دابوو، بەڵام هۆکاری ئەم داواکارییە ئەوە بوو ، لەوکاتەدا ئاغای ناوبراو دەچووە ئەستەمبوڵ، دەیویست خەرجی سەفەرەکەی بخاتە سەرشانی جووتیاران، هەر بۆیە ئەم باجە بە(ئەستەمبوڵانە) ناونرا، بەڵام جووتیاران داوای ئاغایان ڕەتکردەوە، لە بەرانبەردا ئاغا هەڕەشەی لێکردن، جووتیارانیش لە نێو خۆیاندا کۆبوونەوەو بڕیاریاندا پشتی یەکتر بگرن، هەروەها هەوڵی کۆکردنەوەی چەکیان دا، گوندەکانی دەوروپشتیشیان ئاگادارکردەوە بۆ پشتگیری لێکردنیان. کاتێکیش ئاغا بەمەی زانی، لە ترسان دەزگای پۆلیسی لە هەولێرو قوشتەپە ئاگادار کردەوەو تۆمەتی ئەوەشی خستنە پاڵ کە بوونەتە شیوعیی و کافر، چەکیان هەڵگرتووەو دژی حکومەت و مەلیك قسە دەکەن، حکومەتیش بۆ پاراستنی ئاغاو کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە، یەکسەر پۆلیسی بۆ گوندەکە نارد، بەڵام ڕاپەڕینەکە بۆ گوندەکانی دیکەش کە نزیکەی ٢٠٠ گوند دەبوون، تەشەنەیکرد، بۆیە حکومەت پۆلیسی بۆ گوندەکانی دیکەش نارد، لەهەر گوندێکیشدا جووتیاران کۆدەبوونەوەو سوێندیان دەخوارد، کە درێژە بە ڕاپەڕینەکەیان بدەن. نووسەر لە بابەتەکەیدا نووسیویەتی: داواکارییەکانی جووتیاران لە چەند خاڵێك پێکهاتبوون: ١- کەمکردنەوەی سەرانە لە ٢٠% بۆ ٥%. ٢-نەهێشتنی بێگاریی. ٣-دابەشکردنی زەوییە ئەمیرییەکان بەسەر جووتیاراندا. ٤-نابێت جووتیار بەبێ هۆ دەربکرێت (ڕێگای کوردستان، ژمارە (٤٧)، ١٩٩٣/٢/٢٣).

لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا نووسەر دەڵێت :حکومەت زوو کەوتە پلاندانان بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە، ترسی ئەوەشی هەبوو کە ڕاپەڕینەکە سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوە، بۆیە هێزێکی گەورەی پۆلیسی لە خوارووی عێراقەوە هێنا، بەناو گوندەکاندا دەسووڕانەوە (ڕێگای کوردستان، ژمارە (٤٨)، ١٩٩٣/٣/٢)، کە لە هەندێک سەرچاوەدا باسی ئەوە دەکرێت لە گوندە گەورەکاندا بنکەی پۆلیسی دانراون (حیزبی شیوعی کوردستان، ٢٠٠٢، ل١٨)، بەڵام سەرەڕای ئەو هەنگاوانەش دۆخەکە ئاڵۆزتر بوو، لە هەندێ شوێندا شەڕو پێکدادان لە نێوان جووتیاران و پۆلیس ڕوویاندا وەك لە بازاڕگە لە نزیك مەخموور و لە گوندەکانی گردلانکە، میرزا ئاغا، کەردزو ماجیداوە، تەنانەت لەو سێ گوندەی دواییدا ژمارەیەك جووتیاریش کوژران (ڕێگای کوردستان، ژمارە (٤٨)، ١٩٩٣/٣/٢)،کە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن ژمارەیەك لە جووتیارانیش دەستگیرکران و بە تۆمەتی پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعییەوە، بۆ بەندیخانەکانی کەرکوك و موسڵ گواسترانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان سەر بەهیچ ڕێکخستنێکی سیاسی نەبوون (قادر، ٢٠٠٥، ل٢٤٩).


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

لە درێژەی گێڕانەوەی رەوتی رووداوەکاندا نووسەر نووسیویەتی: بۆ چاوشکاندنی جووتیاران، پۆلیس یەکێك لە رابەرانی راپەڕینەکە کە ناوی (رەحمانە شەل) بوو، دەسگیرکردو ماوەی ١٦ رۆژ لە ئۆتومبیلیان دەبەستەوەو بەناو گوندەکاندا دەیانگێڕا، بەڵام ناوبراو ئازایانە بە بەرچاوی پۆلیس و ئاغاکانەوە بە جووتیارانی دەگووت: ئەو کردەوەیە بۆ چاوشکاندنی ئێوەیە، بەڵام ئێوە ورەتان هەر بەرزبێت و واز لە داواکارییەکانتان مەهێنن (رێگای کوردستان، ژمارە (٤٨)، ١٩٩٣/٣/٢) .

بەپێی گێڕانەوەکانی نووسەر، لە پاییزی ١٩٥٣دا محەمەد عەلی مەحمود کە لە ماوەی (١٧ی ئەیلولی ١٩٥٣- ٢٧ی شوباتی ١٩٥٤)دا جێگری سەرۆك وەزیران بووە، هاتوتە هەولێر، چاوی بە ژمارەیەك لە ئاغاو جووتیاران کەوتووە، راپەڕینەکەی بە کارێکی دژی حکومەت و جووتیارانیشی بە گێرەشێوێن و شیوعی لە قەڵەمداوە، بەڵام بۆ چاوبەستنەوەی جووتیاران ٣ لە جووتیارە بەندکراوەکانی ئازادکردووە، لەبەرئەوەی مەزبەتەیەکی زۆری جووتیارانی خرابووە پێشی (رێگای کوردستان، ژمارە (٤٨)، ١٩٩٣/٣/٢).

یەکێک لەو لایەنانەی نووسەری بابەتەکە ئاماژەی پێداوە رۆڵی پیاوانی ئایینییە لەو راپەڕینەدا ، کە دەڵێت: لە راپەڕینەکەدا، پیاوانی ئایینیی گوندەکان ژمارەیەکیان بەهۆی خوێندەوارییان و پایەو رێزیان لە ناو جووتیاراندا بوونە رێبەریان و هەڵوێستی جوامێرانەیان نواندووە، لەوانەش مەلا محەمەدی شێروانی لە گوندی قەپلان، مەلا شەریف لە گوندی عاللا، مەلای رەش لە گوندی چەغەمیرەو مەلا یەحیا لە گوندی ماجیداوە (رێگای کوردستان، ژمارە (٤٨)، ١٩٩٣/٣/٢)،کە بەپێی سەرچاوەکان بەهۆی ئەو هەڵوێستەشیانەوە، ژمارەیەکیان لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیرکران (بوتاني، ٢٠٠٠، ص٩١). پیاوانی ئایینیی هەمیشە لەنێو کۆمەڵگەدا کاریگەر بوونە، بۆیە دەتوانین بڵێین بەشدارییان لە راپەڕینەکەدا کاریگەریی زۆری هەبووە، لەوەی کە جووتیاران بەهێزتربن لە رەتکردنەوەی ستەمی ئاغاکاندا.

لە بارەی رۆڵی ئافرەتانیش، لە بابەتەکەدا هاتووە: پاڵپشتی باوك و براو هاوسەرانیان بوونە، بۆ داکۆکی لە مافەکانیان و رەتکردنەوەی ستەمی ئاغاکان، بۆ نموونە لە گوندی کەندالەقەل دا کاتێك تراکتۆری ئاغا ویستویەتی زەوی جووتیاران بکێڵێت، ئافرەتان کەوتوونەتە بەردبارانکردنی تراکتورو پۆلیس تا دیوەخانی ئاغا. هەروەها لە گوندی هەرمجە شانەی ئافرەتان هەبووە، مانگانە ئابوونەیان کۆکردۆتەوە بۆ جووتیارانی راپەڕیو (رێگای کوردستان، ژمارە (٤٨)، ١٩٩٣/٣/٢)، تەنانەت هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن ، کە لە هەندێ گوندیشدا شانبەشانی پیاوان چەکیان هەڵگرتووەو دژی ئاغاکان وەستاون، لە زۆربەی گوندەکانیشدا شانبەشانی پیاوان شەوانە پاسەوانیی ماڵەکانیان کردووە (گۆڤارێ بیرێ نوێ، ژمارە (١٨٥)، ١٩٧٦، ل٧)،هاوکات نووسەری بابەتەکە نایەوێت رۆڵی ئافرەتانی سەر بە بنەماڵەی ئاغاکانیش پشتگوێ بخات و دەڵێت: دەبێ ئەوەش باس بکرێت کە لە هەندێ گونددا کچی ئاغاکانیش یارمەتی ماددیی و مەعنەوییان پێشکەشی جووتیاران کردووە (رێگای کوردستان، ژمارە (٤٨)، ١٩٩٣/٣/٢). بێگومان ئەو رۆڵەی کە ئافرەتانیش گێڕاوییانە هێزی زیاتری بە جووتیاران بەخشیوە، ژمارەیەک لە کچە ئاغاکانیش کە پاڵپشتی جووتیاران بووینە، جەورو ستەمی زۆری ئاغاکان بەرانبەر جووتیاران نیشاندەدات، کە نەیانتوانیوە لێی بێهەڵوێستبن.

د- هۆکارەکانی شکستی راپەڕینەکە و ئەنجامەکانی

له بابەتەکەدا هاتووە، کە دوای نزیکەی شەش مانگ لە درێژەکێشانی، بەڵام ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر نەیتوانی بەردەوام بێت و تەواوی ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانە: جیاوازی بۆچوونی حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکەو بەردەوامێتی ڕاپەڕینەکە، حیزبی شیوعی هەوڵیدەدا ناکۆکییەکان زیاتر قووڵ بکاتەوەو سنووری ڕاپەڕینەکە فراوان ببێت، بەپێچەوانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵیدەدا بە شێوەیەکی ئاشتییانەو لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی داواکارییەوە بۆ حکومەت کێشەکان چارەسەر بکات. هەروەها نەبوونی کۆمیتەیەکی هاوبەش لە نێو جووتیارانی ڕاپەڕیودا هۆکارێکی دیکەبوو، ئەمە سەرەڕای نەبوونی هاوپەیمانێتی و پەیوەندی نێوان کرێکاران و ڕووناکبیرانی شار لەگەڵ جووتیارانی ڕاپەڕیوداو پەرەسەندنی ڕاپەڕینەکە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان. هەروەها جووتیاران داخوازییەکانیان کە ئابووریی بوو نەیانتوانی تێکەڵ بە داخوازیی سیاسیی بکەن. لە هەموو ئەو هۆکارانەش کاریگەرتر ئەوە بوو کە پیاوانی ئایینی و جووتیاران ڕابەرایەتی ڕاپەڕینەکەیان کردووە، ئەوانیش نەیانتوانی بە هەمان گیانی سەرەتای ڕاپەڕینەکەوە بەردەوامبن (ڕێگای کوردستان، ژمارە (٤٩)، ١٩٩٣/٣/٢).

سەبارەت بە گرنگترین دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینەکەش نووسەر دەڵێت: لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ڕاپەڕینەکە بووە هۆی نەمانی بێگاریی و هەندێ سەرانە، لە زۆر گوندیشدا ئاغا نەماو چوون بۆ شارەکان و سەرکاریان لە جێگەی خۆیان دانا. هەروەها ڕاپەڕینەکە ترسی جووتیارانی بەرانبەر ئاغاکان شکاند، هۆشیاربوونەوەی جووتیارانیش حکومەتی عێراقی ناچارکرد بایەخی زیاتر بە گوندەکانی ناوچەکە بدات لە ڕێگەی کردنەوەی قوتابخانەو باشکردنی ڕێگاوبان (ڕێگای کوردستان، ژمارە (٤٩)، ١٩٩٣/٣/٩) .

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین ئەم بابەتە هەرچەندە لە زمانحاڵی فەرمی حیزبی شیوعییدا بڵاوکراوەتەوە و نووسەر بە هۆکاری ئایدیۆلۆجی دەستی بۆ بابەتەکە بردووە ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش تا ڕادەیەکی باش لە خستنەڕووی هۆکار و ڕەوتی ڕووداوەکان و ئامانجەکانی هەوڵیداوە بێلایەنیی بپارێزێت، هاوکات هەرچەندە دیار نییە سەرچاوەی زانیارییەکانی نووسراو بوون یان گەڕانەوە بۆ یادەوەریی و چاوپێکەوتنی ئەو کەسانەی ئاگاداری ڕووداوەکە بوون، چونکە ئەو سەرچاوانەی ئاماژەی پێکردوون زیاتر پەیوەستن بەلایەنی تیۆرییەوە نەک زانیاریی دەربارەی ڕووداوەکە، بەڵام لە کارەکەیدا هەوڵیداوە بەشێک لە واقیعی ڕووداوەکە بگێڕێتەوەو بەشێک لە هۆکار و ئەنجامەکانیشی ڕوونبکاتەوە .

٢ -کەندێناوە

هەر سەبارەت بە مێژووی خەباتی چینایەتیی، بابەتێکی دیکە بە ناوونیشانی (چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی چینایەتیی جووتیارانی کەندێناوە) لەلایەن (ب. هەورراز) نووسراوەو لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان دا بڵاوکراوەتەوە. لەسەرەتادا نووسەر بەم شێوەیە پێناسەی کەندێناوە دەکات: دەشتێکی پان و فراوانە، کەوتۆتە خوار شاری هەولێر، بە بەشێك لە دەشتی هەولێر دەناسرێت، زورگی زورگەزراو لە دەشتی موڵکیەو چیای قەرەچوخ لە دەشتی قەراج لەیەکتر جیادەکاتەوە، شارۆچکەی دیبەگەش بە مەڵبەندی دەشتەکە دادەنرێت. لەساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ٧٢ گوندی سەر بە ناحیەی دیبەگە بوون، نزیکەی ٤٠ گوند لە ژێر دەستی ئاغاکانی دزەیی دا بوون، ئەوانی دیکەش لە ژێر دەستی کوێخای گوندو سەرۆك عەشیرەتەکاندا بوون، کە لە چەند عەشیرەتێکی بچووك پێکهاتبوون، لەو گوندانەی لە ژێر

دەستی دزەیی دا بوون، هەمیشە ململانێ لە نێوان ئاغاو جووتیاراندا هەبووە، چونکە جووتیاران بە چاوی بێگانە سەیری ئاغاکانیان کردووە، بەهۆی نەبوونی پێوەندیی خزمایەتیی لە نێوانیاندا، سەرەڕای ستەم و چەوسانەوەی ئاغاکان، هەر بۆیەش چەند راپەڕینێك لە گوندەکانی خدر جیجە، دێمەکارو کاریتان هەڵگیرساون (رێگای کوردستان، ژمارە (٩١)، ١٩٩٤/١/١١).

خدر جیجە گوندێکە کەوتوتە بناری چیای قەرەچوخ بەلای کەندێناوەدا، لەسالآنی سییەکاندا نزیکەی ٣٠ ماڵ دەبوون، جووتیارانی گوندەکەش هەموویان خزمی یەکتر بوون، بەڵام ئاغای گوندەکە هیچ پێوەندییەکی خزمایەتیی و خێڵەکیی لەگەڵیاندا نەبوو، بەڵکو بەهۆی زیرەکیی خۆی و ساویلکەیی جووتیارانەوە توانیبووی دەست بەسەر زەوییەکانیاندا بگرێت، هەر بۆیەش جووتیاران لە دەرفەتێك دەگەڕان، تا سەروەریی بۆ گوندەکەیان بگەڕێننەوە. ئەوەبوو دوای دەرچوونی یاسای ژمارە ٢٠ ساڵی ١٩٣٩ یاسای کەمکردنەوەی باجی زەوی (قانون اطفاء ضريبة الارض) (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو یاسایە بروانە: جريدة الوقائع العراقية، العدد(١٧١٧)، ١٩٣٩/٧/٢٤)، جووتیاران هەستیان بەوە کرد کە ئەو یاسایە بەرژەوەندییان لەچەند روویەکەوە دەپارێزێت، وەك دەرنەکردنی جووتیارو نەدانی سەرانە، بەڵام هەر زوو ئاغای گوندەکە کۆیکردنەوەو پێیگوتن: ئەم یاسایە دەیەوێت پێوەندیی نێوانمان تێکبدات، بەڵام جووتیاران باوەڕیان بەو قسەیەی نەکرد، جار جاریش سەرپێچی فەرمانەکانیان دەکرد، تا وایلێهات بڕیاریان دا هیچیتر نەچنە دیوەخانەکەی و سەرانەش نەدەن، ئەوەش دوای ئەو رووداوە هات کاتێك کچێکی گوندەکە بەبێ ئاگاداری ئاغاکە مارەکرابوو، بەم هۆیەشەوە ئاغا تووڕە دەبێت و مەلای گوندەکە بانگ دەکاتە دیوەخانەکەی و قسەی سووکی پێدەڵێت، لەبەرئەوەی بەپێی داب و نەریتی دەرەبەگایەتیی دەبووایە ئاغا رەزامەندی لەسەر مارەکردنی هەر ئافرەتێکی گوندەکە بدابووایە، ئەو کردەوەیەی ئاغاش جووتیارانی تووڕە کرد. بەم شێوەیە ململانێی نێوانیان تا رووخانی رژێمی پاشایەتیی عێراق لە ساڵی ١٩٥٨دا بەردەوام بوو، دوای ئەوە ئاغا بە یەکجاریی گوندەکەی جێهێشت (رێگای کوردستان، ژمارە (٩١)، ١٩٩٤/١/١١).

لە گوندی کاریتانیشدا کە نزیکەی ٣ کیلۆمەتر لە دیبەگەوە دوورە، لەکاتی جێبەجێکردنی (یاسای یەکلاکردنەوەی مافەکانی زەوی/ قانون تسوية حقوق الاراضي)دا، جووتیاران دەیانویست زەوییەکانی خۆیان تاپۆ بکەن، هەرچەندە ئاغا هەوڵیدا کێشەیان بۆ دروست بکات، بەڵام جووتیاران لەبەردەم ئاغادا وەستان و زەوییەکانیان لەسەر خۆیان تاپۆ کرد (رێگای کوردستان، ژمارە (٩١)، ١٩٩٤/١/١١).

هەرچەندە ئەم بابەتە کورتە و بە دواداچون و زانیاری زۆر لە خۆ ناگرێت ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کارێکی گرنگە لە پاراستنی یادەوەریی بۆ رووداو و واقیعە خۆجێییەکان ، کە لە مێژوونووسیی کوردییدا کەمترین لای لێکراوەتەوە و دەکرێت بگوترێت بەشێکە لە نووسین لەسەر مێژووی بابەتە پشتگوێخراوەکان لە کوردستان ، کە دەکرێت بەشێکی گرنگ لە ژیانی راستەقینەی جووتیار و ئاغا لە کوردستان بە گشتی و دەشتی کەندێناوە بە تایبەتی بخاتەڕوو.

٣ -شەقڵاوە

بابەتێکی دیکە، کە گوزارشت لە ململانێی چینایەتیی ساڵانی پەنجاکان دەکات و بەشێکە لە مێژووی خەباتی چینایەتیی لە باشووری کوردستان و لە رۆژنامەی (رێگای کوردستان)دا

بڵاوکراوەتەوە، بابەتێکە بە ناوونیشانی (چەند چالاکییەکی جەماوەریی شاری شەقڵاوە لە ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٥٥دا) لە نووسینی (باوکی سیروان)، کە تێیدا نووسەر بە دوو بەش و لە دوو ژمارەی جیای ڕۆژنامەکەدا، باس لە چەند چالاکییەکی ئەو ساڵانە دەکات، کە خۆی یەکێك بووە لە کاراکتەرو شایەتحاڵانی چالاکییەکان، هەروەها ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق بووە، کە لەو ڕۆژگارەدا ئەو حیزبە ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەریی گێڕاوە لە جووڵانەوەی نیشتمانیی و چینایەتیی لە سەرتاسەری عێراقدا. نووسەر لە بەشی یەکەمی بابەتەکەدا باس لەوە دەکات کە ئەو کاتە لە شەقڵاوەدا قوتابخانەی ناوەندیی نەبووە، بۆیە قوتابیانی ئەو ناوچەیە کە زۆربەیان ڕۆڵەی زەحمەتکێشان بوون، ناچار دەبوون دوای تەواوکردنی قۆناخی سەرەتایی دەست لە خوێندن هەڵگرن، بواری تەواوکردنی خوێندن تەنها بۆ ڕۆڵەی دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکان هەبوو، بۆیە لە هاوینی ساڵی ١٩٥٤ بە دەستپێشخەریی ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراق چالاکییەکی بەرفراوان بۆ کۆکردنەوەی واژوو و پەنجەمۆر ڕێکخرا، بە مەبەستی داواکردنی کردنەوەی قوتابخانەیەکی ناوەندیی، پاشان بە سکاڵانامەیەکەوە ئاڕاستەی قایمقامی شەقڵاوە، بەڕێوەبەری مەعاریفی لیوای هەولێرو وەزیری مەعاریفی عێراق کرا. دوای ئەوە شاندێك چووە هەولێرو لەگەڵ بەرپرسانی لیواکە کۆبوونەوەو داخوازیی خۆیان گەیاند، بەڵام ئەو جووڵانەوەو چالاکییە جەماوەرییە کە لە لایەن حیزبی شیوعییەوە ڕێکخرابوو، بووە مایەی ناڕەحەتیی دەسەڵاتداران و دەرەبەگ و کرێگرتەکانیان، بۆیە هەوڵی زۆریان دا بەربەست دروست بکەن و جەماوەریش لەو ڕەوتە دووربخەنەوە (ڕێگای کوردستان، ژمارە(٧٦)، ١٩٩٣/٩/٢٨).

چالاکیی و هەوڵەکان بەردەوامبوون، بڕیاردرا نوێنەرێك بنێردرێتە بەغدا، بۆ بینینی بەرپرسانی دەوڵەت، تا ئەو واژوو و پەنجەمۆرانەش لەگەڵ خۆیدا ببات کە لەلایەن جەماوەری زەحمەتکێشی شەقڵاوە کۆکرابوونەوە. ئەو ئەرکەش خرایە ئەستۆی باوکی سیروان[١] (نووسەری ئەم بابەتە)، کە ئەوکات لەبەر خراپی باری ئابووریی ماڵەوەیان لە پۆلی سێیەمی ناوەندییدا وازی لە خوێندن هێنابوو. ئەویش چووە بەغدا، توانی خۆی بگەیەنێتە وەزارەتی مەعاریف، چاوی بە بریکاری وەزیر کەوت، سکاڵانامەکەی بە پەنجەمۆرو واژووکانەوە خستە بەردەستی، لەو کاتەشدا قوتابیان و جەماوەری شەقڵاوە زیاتر سووربوون لەسەر داخوازییەکەیان، بۆیە حکومەت ناچاربوو، ساڵی ١٩٥٤ قوتابخانەیەکی ناوەندیی بۆ پۆلی یەکەم و دووەم لەوێدا بکاتەوە (ڕێگای کوردستان، ژمارە(٧٦)، ١٩٩٣/٩/٢٨).

بەڵام لە سەرەتای هاوینی ١٩٥٥دا، نوری سەعید (١٨٨٨- ١٩٥٨)ی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەسەردانێك چووە شەقڵاوە، لەو کاتەشدا ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق زۆر لافیتەو دروشمیان لە شەقام و گەڕەك و شوێنە سەرەکییەکانی قەزاکەدا بڵاوکردەوەو هەڵواسی، دژی ڕژێمی پاشایەتیی و پەیماننامەی بەغدا ١٩٥٥. کاتێکیش نوری سەعید چاوی بە دەرەبەگی ناسراوی ناوچەکە (عوسمان میران) و بەرپرسانی دەوڵەت کەوتبوو، تووڕەیی خۆی نیشاندابوو، لەوەی کە لە شەقڵاوەدا چالاکیی بەرفراوانی سیاسیی دژی ڕژێمەکەی هەیە. عوسمان میرانیش گوتبووی: هەموو گێچەڵ و بەڵاکە لە قوتابخانەی ناوەندییەوە سەرهەڵدەدات، ئەم گێچەڵەخانەیە چ بوو هێنرایە شارەکەمان. دوای گەڕانەوەی نوری سەعیدیش مقۆ مقۆیەکی وا پەیدابوو کە گوایە قوتابخانەکە دادەخرێت، لە ڕاستیشدا هەر

---

[١]- باوکی سیروان ناوی خۆی حاجی سلێمان شێخ محەمەد بووە، ساڵی ١٩٣٦ لەشەقڵاوە لەدایکبووە، لە قۆناخی هەرزەکارییەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراقەوە کردووە، ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٩٥ لە سوریا کۆچی دواییکردووە، لە شەقڵاوە بە خاکسپێردراوە.

لەو ساڵەدا داخرا (ڕێگای کوردستان، ژمارە(٧٧)، ١٩٩٣/٩/٥). هەرچەندە حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری داخستنەکە فشاریان دروستکرد، تەنانەت لەنێو جەماوەرو قوتابیاندا واژوویان کۆکردەوەو سکاڵایان ئاراستەی بەرپرسانی دەوڵەت کرد، کار گەیشتە مانگرتنی گشتیی لە نێو بازاڕو دوکاندارانداو تووڕەیی خۆیان دژی حکومەتەکەی نوری سەعید نیشاندا، بەڵام بێئەنجام بوون، تا دوای رووخانی رژێمی پاشایەتیی عێراق لەساڵی ١٩٥٨، جارێکی دیکە قوتابخانەی ناوەندیی لە شەقڵاوەدا کرایەوە (احمد، ٢٠١٧، ل١٤٧).

هەروەها (باوکی سیروان) باس لە رووداوو چالاکییەکی دیکەی جەماوەریی لە شەقڵاوەدا دەکات، کە بەشێکن لە مێژووی ململانێی چینایەتیی ئەو سەردەمە، تیایدا باس لەوە دەکات کە لە هاوینی ١٩٥٤دا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر نرخی گەنم بەرزبۆوە، بە هۆکاری ئەوەی بازرگانەکانی گەنم بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەت، گەنمی ناوچەی شەقڵاوەیان کۆکردبۆوە، بەو نیازەی بینێرنە چەند ناوچەیەکی دیکەو بە پارەیەکی زیاتر بیفرۆشن، هەر بۆیەش گەنم لە بازاڕدا کەم ببوو، ئەگەر هەشبا بە نرخێکی گران دەستدەکەوت (ڕێگای کوردستان، ژمارە(٧٧)، ١٩٩٣/٩/٥).

شایانی باسە، لەو ساڵەدا گوندەکانی دەشتی دزەیی و مەخمور، بەهۆی کەمیی رێژەی بارانبارینەوە، دووچاری کەمیی بەرهەمی گەنم و جۆ ببوون و ساڵێکی نەهات بوو، بازرگانانیش ئەوەیان بە هەلزانی، یەکێك لەوانەش (حاجی ساڵح عەلاف) کە خەڵکی هەولێر بوو، دەچووە ناوچەکانی شەقڵاوەو هەریر، گەنمی دەکڕی و بە بارهەڵگری گەورە دەیبردە هەولێرو دەوروبەری، ئەوەش بووەهۆی ئەوەی گەنم لەو ناوچانەدا کەم بکات و زیان بە جووتیاران و هەژاران بگات (هەریری، ٢٠٠٩، ل٦٥).

لەو بارودۆخەشدا، رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق، جەماوەری ناوچەکەیان یان سازو ئامادەکرد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی برسیکردن، ئەوەبوو هاوڵاتیان چوونە سەر رێگای گشتی هەریر- شەقڵاوە، لە نزیك دەربەندی شەقڵاوەدا خڕبوونەوە، ڕێگاکەیان کۆنترۆڵکرد، هەر ئۆتۆمبیلێك بەوێدا تێپەڕ بووایە، رایاندەگرت و بۆ گەنم یان قاچاخچی و پاوانخوازەکانی گەنم دەگەڕان، لەو کاتەشدا دەستیانگرت بەسەر بارهەڵگری (حاجی ساڵح عەلاف). لە بەرانبەردا ئەو رووداوو چالاکییانەدا، یاریدەدەری پۆلیسی قەزاکە، داوای لە هاوڵاتیان کرد، واز لە چالاکییەکە بهێنن و بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، بەڵام داواکەی رەتکرایەوە، تا حکومەت کڕین و بردنی گەنمی لە ناوچەکەدا قەدەغە نەکرد، هاوڵاتیان دەستیان لە مانگرتن و چالاکیی نواندن هەڵنەگرت (ڕێگای کوردستان، ژمارە(٧٧)، ١٩٩٣/٩/٥). گرنگیی ئەم بابەتە لە رووی مێژووییەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە راستەوخۆ لە زاری یەکێک لە بەشداربووانی رووداوەکەوە وەکو بەشیک لە یادەوەری ئەوکاتە گێردراوەتەوە، هاوکات هەر لە رێگەی ئەو یادەوەرییانەوە بەشێک لە ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و دۆخی پەروەردە و خەباتی سیاسیی و چینایەتیی لە ناوچەکە دەگێڕێتەوە، کە رەنگە لە دەقەکانی تردا کەمترین بوونیان هەبێت.

**دووەم: خەباتی سەندیکایی**

هاوشێوەی خەباتی چینایەتیی، خەباتی سەندیکاییش بەشێك بووە لەجێی بایەخی رۆژنامەی رێگای کوردستان و چالاکیی و کارەکانیان لە رۆژنامەکەدا رەنگیداوەتەوە. لەو



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

چوارچێوەیەدا لە ژمارەیەکدا رۆژنامەکە دیدارێکی لەگەڵ مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی جووتیارانی کوردستاندا کردووە، سەبارەت بە هەندێ بابەتی پەیوەندیدار بە چالاکییەکانی یەکێتییەکە. دیارە ئەو یەکێتییە دوای ئازادکردنی کوردستان لەدەست رژێمی بەعس لە ئاداری ١٩٩١دا، وەك پێویستییەکی بابەتیی و مێژوویی پێکهێنرا بوو لە نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی نێو بەرەی کوردستانیی(١)، وەکو لیژنەیەکی ئامادەکردن تاکو بەستنی کۆنگرەی جووتیاران، لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و گێرانەوەی جووتیاران بۆ زێدی خۆیان (رێگای کوردستان، ژمارە (١٠)، کۆتایی ئابی ١٩٩٢).

لە سەرەتای دیدارەکەدا، رۆژنامەکە پرسیاری ئەو یادداشتە لە مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جووتیاران دەکات کە ئاڕاستەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە سەبارەت بەو جموجۆڵانەی لەو ماوەیەدا لە ئارادابوون، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوە یان دەسکاریکردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ (یاسای رێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردستان کە ئۆتۆنۆمی دەیگرێتەوە/ قانون تنظيم الملكية الزراعية في منطقة كردستان المشمولة بالحكم الذاتي) (بۆ زانیاریی دەربارەی ئەم یاسایە، بڕوانە: الوقائع العراقية، العدد (٢٤٧٥)، ١٩٧٥/٦/٩)، کە ئەوکاتە هەوڵێکی لەو جۆرە هەبووە لەلایەن خاوەن موڵکەکانەوە، بەڵام یەکێتیی جووتیاران پێیوابووە یاساکە بۆ بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان بێ کەموکوریی‌یەو پێویستە پەلە نەکرێت لە هەڵوەشاندنەوەو گۆڕینی، تا پەرلەمانی کوردستان دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت لەسەر بنەمایەکی دروست یاسایەکی پێشکەوتووتر دادەڕێژێت (رێگای کوردستان، ژمارە(١٠)، کۆتایی ئابی ١٩٩٤). تەنانەت ئەو ئەندامەی مەکتەبی تەنفیزی لە دیدارەکەیدا لەگەڵ رۆژنامەی رێگای کوردستان، یاسای ژمارە (٩٠)ی بەلایەوە گونجاوترو پێشکەوتووتر بوو بەراورد لەگەڵ یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٥٨ یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی/ قانون الاصلاح الزراعي)، کە دوای رووخانی رژێمی پاشایەتیی لە عێراقدا دەرکرابوو (بۆ زانیاریی دەربارەی ئەم یاسایە، بڕوانە: الوقائع العراقية، العدد (٤٤)، ١٩٥٨/٩/٣٠)، هەروەها یاسای ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ (یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی/ قانون الاصلاح الزراعي) (بۆ زانیاریی دەربارەی ئەم یاسایە، بڕوانە: الوقائع العراقية العدد (١٨٨٤)، ١٩٧٠/٥/٣٠).

یەکێتیی جووتیاران راستەوخۆ یاداشتەکەی نەداوەتە پەرلەمانی کوردستان کە گۆڕین و داڕشتنی یاسا لە دەسەڵاتی ئەودایە، بەڵکو داویەتی بە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی، لەبەرئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ ئەواندا باشتر بووەو ئەرکەکانیشیان تەواوکەری یەکتری بوون، لەوەشدا دەیانویست هەردوولایان یەکهەڵوێست بن، بۆ دابینکردنی یاسایەکی گونجاو وەك دەستووری کارکردن بۆ ئەو سەردەمەی کوردستان، ئەو مەبەستەشیان هاتەدی، ئەنجامی مشتومڕ لەسەر یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥، پەرلەمانی کوردستان رەزامەندی نیشاندا، بۆ داڕشتنی پرۆژەیەکی یاسای چارەسەری کێشەی زەوی و زار بە هاوبەشیی لەلایەن یەکێتیی جووتیاران، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی و پسپۆرانی کشتوکاڵیی، دوای ئامادەکردنیشی، پرۆژە یاساکە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان کرا، تا لەرێگەی ئەوانەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت (رێگای کوردستان، ژمارە (١٠)، کۆتایی ئابی ١٩٩٢). بە گشتی لەم بابەتەدا دەکرێت واقیعی کێشەکانی زەوی و زار و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی و هەنگاوەکانی سەندیکای جووتیاران و لایەنی یاسادانان کە پەرلەمانی کوردستانە، لەو ماوەیەدا تا رادەیەکی زۆر روون بکاتەوە وەکو بەشێک لە مێژووی باشووری کوردستان لە دوای راپەڕینی ١٩٩١.

دوای ئازادکردنی کوردستان له ئاداری ١٩٩١ لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق له پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك، بارودۆخێکی خراپی ئابووریی ئەو ناوچانەی گرتەوە، ئەویش له ئەنجامی دوو ئابڵوقەی ئابووری، یەکەمیان لەلایەن حکومەتی عێراق بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییە نوێیەی لەو ناوچانەی کوردستاندا هاتبووە ئاراوە، دووەمیشیان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەسەر تەواوی عێراقدا سەپێنرا بوو، بەهۆی داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای عێراقەوە له ٢ی ئابی ١٩٩٠دا. له ئەنجامی ئەو بارودۆخەشدا بێکاریی سەریهەڵدا بوو، ئەوەش وای له بێکاران کرد بکەونە جموجۆڵ و خۆیان له بزووتنەوەیەکدا رێکبخەن،کە لەم رۆژنامەیەدا چیرۆکی دامەزراندنی یەکێک لەو رێکخراوانە دەگێڕیتەوە بەوەی کە رۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٩٢ زیاتر له ٥٠ بێکار له شاری هەولێر کۆبوونەوەو دوای گفتوگۆیەکی زۆر پێکهاتن لەسەر پێداویستی دروستکردنی رێکخراوێکی جەماوەریی بۆ بێکاران، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی کاتییان پێکهێناو راگەیاندنی بزووتنەوەکەیان بۆ جەماوەری کوردستان بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئاماژەیان دا بە باری قورسی سەرشانیان و رێگەگرتن لەو کارەساتانەی کە رۆژانە له گۆشە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگادا دەبینرێن، داواشیان له بێکاران کرد له دەوری یەکتر کۆببنەوە، بە ئامانجی دەستەبەرکردنی مووچەی مانگانە بۆیان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، تا کاتی دۆزینەوەی کاری گونجاو، هەروەها دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی رۆژانەیان له خۆراك و سووتەمەنیی و دەرمان و...هتد (رێگای کوردستان، ژمارە (٧)، سەرەتای تەموزی ١٩٩٢)، راستییەکەی ئەمە یەکێکە له بابەتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییانەی ئەو کاتەی کوردستان و بەشێکە له خەباتی رێکخراوەیی چینایەتیی کە له نووسین و بەدواداچوونە فەرمییەکانی ئەو کاتەدا و کاری مێژوونوسیدا کەمترین کاری له بارەوە کراوە ، هەر بۆیە دەکرێت ئەم نووسینە کەرەستەیەکی باش بێت بۆ گەڕاندنەوەی بەشێک له واقیعی ژیانی ئابوری ئەو کاتە و هاوکات خەباتی مەدەنیی وسەندیکایی له دوای راپەڕین و تەنانەت مێژووی دامەزراندنی رێکخراوەکەش.

دوای راپەڕینی ١٩٩١ی جەماوەری گەلی کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پاشانیش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان له ساڵی ١٩٩٢دا، ئەگەرچی کوردستان پێینایە قۆناغێکی نوێ و له دەست ستەمی فەرمانڕەوایەتی چەندین ساڵەی حیزبی بەعس رزگاری بوو، بەڵام هەندێ کێشە قووڵتر بوونەوە، بە تایبەت کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان کە له هەندێ شوێندا شەڕی خوێناویی لێکەوتەوە، لەوانەش ناوچەی پشدەر.

کێشەی نێوان جووتیار وئاغاکان له پشدەر یەکێکی ترە لەو بابەتانەی کە ئەم رۆژنامەیە بە زۆری لای لێکردۆتەوەو لەوێشەوە له پاڵ خستنەرووی بەشێک له واقیعی رووداوەکان و وردەکارییەکانی کێشەکە، هاوکات هەوڵیداوە رۆڵی سەندیکاکان و رێکخراوەکانی ئەو بوارە روون بکاتەوە، لەم میانەشدا بۆ بەدواداچوونی کێشەو رووداوەکانی ناوچەی پشدەر، رۆژنامەی (رێگای کوردستان) سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جووتیارانی کوردستانی کردووەو چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کردوون. له وەڵامی پرسیاری: بنەڕەتی کێشەی پشدەر له کەیەوەیەو هۆیەکانی چین؟ نوێنەری مەکتەبی تەنفیزی ئەوە روون دەکاتەوە کە کێشەی جووتیارانی پشدەر بەشێکە لەو کێشە بابەتیی و مێژووییەی له سەرانسەری کوردستاندا هەبووە، سەرەڕای بوونی ناکۆکیی لەو کاتەی دەرەبەگایەتیی له ناوچەکەدا سەپێنراوە، له ساڵانی ناوەڕاستی پەنجاکانیشدا له کاتی هاتنی لیژنەی تەسویە بۆ ناوچەکە ناکۆکییەکە توندتر بوو، بەهۆی هەوڵدانی ئاغاکانی میراودەلی بۆ تەسویەکردنی تەواوی

زەوی ناوچەکە لەسەر خۆیان و بێبەشکردنی خاوەن زەوی و زارە رەسەنەکانیان، بەڵام کە لێیان ئاشکرابوو بۆیان نەچووەسەرو جووتیاران لێیان هاتنە دەست، ئیتر لەوکاتەوە خەباتی جووتیاران دەستیپێکرد. لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١یش، هەندێ کەس و تاقم خەیاڵیان وابوو کە بە پێوانەی سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی پاشایەتیی عێراق کێشەی زەوی و زار چارەسەر بکرێت، بەڵام یەکێتیی جووتیاران هەڵوێستی روونی هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی لە تەواوی کوردستاندا بە ناوچەی پشدەریشەوە، ئەویش لە رێگەی پەیڕەوکردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ (بۆ زانیاریی دەربارەی ئەو یاسایە بڕوانە: الوقائع العراقية، العدد(٢٤٧٥)، ١٩٧٥/٦/٩)،لە هەمان کاتدا یەکێتیی جووتیاران ئامادەیی نیشانداوە بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی چارەسەرکردنی بنەڕەتیی کێشەکە (رێگای کوردستان، ژمارە (٦٢)، ١٩٩٣/٦/٢٢).

هەر بە بۆنەی رووداوەکانی ناوچەی پشدەرەوە، لە ٢٦ی ئایاری ١٩٩٣دا مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی جووتیارانی کوردستان بەیاننامەیەکی دەرکردووە، تێیدا بە توونديی ناڕەزایی دەربڕیوە بەرانبەر هەر کردەوەیەك کە دژی چەسپاندنی یاساو بەرژەوەندی گەلی کوردستان بێت و ببێتە هۆی نانەوەی ئاژاوەو پێکدادانی چەکداریی. هەروەها ئاماژەی بەوەشداوە کە هەرچەندە ئەوان لە بەیاننامەو کۆڕو کۆبوونەوەو نووسراوەکانیاندا باسیان لە بایەخی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ کردووە کە تا ئەوکات بە باشترین یاسا دانراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی لە کوردستاندا، بەڵام نیگەرانیی خۆیان نیشانداوە کە خاویی و سستییەك لە جێبەجێکردنیدا دەبینرێت، هەروەها ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکاندا (رێگای کوردستان، پاشکۆی ژمارە (٥٩)، ١٩٩٣/٥/٣٠).

شایانی باسە لە شەڕو رووبەڕووبوونەوەی ئاغاو جووتیارانی پشدەردا،(١٠) ئاغاو (٣) جووتیار کوژراون، ژمارەیەك ئاغاش لەلایەن جووتیارانەوە بەدیل گیراون، ئەمە سەرەڕای برینداربوونی خەڵکێکی زۆرو تێکدان و سووتانی چەند ماڵ و خانوویەك. ئەوەش لەو بەیاننامەیەدا دەردەکەوێت کە لقی هەولێری یەکێتیی جووتیارانی کوردستان لە ٢٧ی ئایاری ١٩٩٣دا دەریکردووە، هەر لەو بەیاننامەدا ئەو لقە داوا لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرەی کوردستانیی دەکات، هەوڵبدەن کێشەکە بە شێوەی راست و رەوا بەپێی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ چارەسەر بکەن، کە باشترین یاسایە، تا یاسایەکی باشتر لە بەرژەوەندی جووتیاراندا دەردەچێت (رێگای کوردستان، پاشکۆی ژمارە (٥٩)، ١٩٩٣/٥/٣٠).

هەر بۆ پاڵپشتیکردنی جووتیاران، لیژنەی باڵای یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستانیش لە ٢٦ی ئایاری ١٩٩٣دا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تیایدا داوای لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرەی کوردستانیی کرد، بەزووترین کات چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن و مافی رەوای جووتیاران بپارێزن، لەرێگەی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥، تا دەرچوونی یاسایەکی دیکە کە تیایدا بەرژەوەندی جووتیاران پارێزراو بێت (رێگای کوردستان،پاشکۆی ژمارە (٥٩)، ١٩٩٣/٥/٣٠).

لە کۆی ئەم بابەتانەدا کە رۆژنامەی رێگای کوردستان لە بارەی کێشەی ئاغا و جووتیار لە ناوچەی پشدەر بڵاویکردوونەتەوە، دەکرێت زانیاریی و لێکدانەوەیەکی زۆر لە بارەی رووداوەکەوە بەدەست بێت و بەشێک بن لە کەرەستەی دامەزراندنی گێڕانەوەیەکی وردی



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

واقیعی رووداوەکە، هاوکات بەشێک بن لە کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی سەندیکا جوتیارییەکانی ئەو کاتەو خەباتی سەندیکایی لەو ماوەیەدا .

لە لایەکی دیکەوە بابەتێکی گرنگ لە چوارچێوەی خەباتی سەندیکاییدا، کە رۆژنامەکە ئاوڕی لێداوەتەوە، مێژووی مامۆستایان و بایەخدان بە مێژووی خەباتی سەندیکایی مامۆستایانە لە باشووری کوردستاندا، لەم روەشەوە بابەتێکی بە ناوونیشانی (ئاوڕدانەوەیەك لە: مێژووی مامۆستایانی رێکخراوی پیشەیی و شیوعی لە سلێمانی)، لە نووسینی (رزگار) بڵاوکردۆتەوە. لەو بابەتەدا نووسەر سەرەتا باس لەوە دەکات کە رژێمی پاشایەتیی لە عێراقدا بۆ ئەوەی رێگە لە مامۆستایان بگرن کە نەتوانن داوای سەندیکای تایبەت بە خۆیان بکەن، رێگەی بە ژمارەیەك لە لایەنگرانی خۆی دا، کە کۆمەڵەیەك بەناوی (کۆمەڵەی مامۆستایان) دروست بکەن (رێگای کوردستان، ژمارە (١١)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٢)، ئەم کۆمەڵەیە ساڵی ١٩٤٣ دامەزراو بارەگای سەرەکیشی لە بەغدا بوو (الخفاجي، ٢٠٢٠، (WWW.ahewar.org.

لە بابەتەکەدا هاتووە: سەبارەت بە شاری سلێمانی، کاتێك ویستیان کۆمەڵە پێکبهێنن، ئەوا سەرەتا لە ژمارەیەك بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و ژمارەیەك لە مامۆستایانی بێلایەن پێکیانهێنا. کاری کۆمەڵەکەش تەنها بریتی بوو لە پێدانی سولفەیەکی کەم لە کاتی تەنگانەدا. لەساڵی ١٩٥٣دا کە مزاحم ماهر موتەسەریفی سلێمانی بوو، ویستی هەڵبژاردنی ساڵانەی کۆمەڵە بکرێت، لەو کاتەدا حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەن پێگەی جەماوەریی بەهێز بوون، پێوەندییان بە کەسانی پێشکەوتنخوازەوە کردو لە دۆخەکەیان ئاگادار کردنەوە، ئاکام لە هەڵبژاردنەکەدا لیستی (حکومەت) ژێرکەوت و لیستی (دیموکراتی) سەرکەوت، بەڵام دواتر دەسەڵات هەستی بە مەترسی کردو دەستەی کۆمەڵەی بۆ ئەملاو ئەولا گواستەوە، بەمەش دەرگای کۆمەڵە داخرا (رێگای کوردستان، ژمارە (١١)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٢).

لە درێژەی گێرانەوەکەیدا هاتووە: دوای ئەوە مامۆستایان بێ کۆمەڵە مانەوە، تا ساڵی ١٩٥٧ ژمارەیەك لە مامۆستایانی پێشکەوتنخواز کەوتنە جموجۆڵ بۆ دامەزراندنەوەی کۆمەڵە، ئاکام لە حوزەیرانی ١٩٥٨دا هەڵبژاردن کراو ئەم مامۆستایانە هەڵبژێردران: عەبدوڵڵا سەراج، عەبدوڵڵا زێباری، ئیحسان فوئاد، عەبدوڵڵا میدیا، محەمەد حەوێز، مستەفا ساڵح کەریم و رەشید مەلا عەلی (رێگای کوردستان، ژمارە (١١)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٢)، بەڵام رەنگە هەندێک ناو لەم بابەتەدا نەهاتبن وەکو لە سەرچاوەکانی تردا ناویان هاتووە لەوانە: ئامینە حەسەن، نوری عەلی ئەمین و ساڵح سەعید کە ئەوانیش لە هەڵبژێردراوانی کۆمەڵەکە بوون، پاشان ئەوەی دواییان بە سەرۆك، محەمەد حەوێز وەك جێگرو مستەفا ساڵح کەریم بە سکرتێر هەڵبژێردران (کەریم، یۆنیۆی ٢٠٠٣، ل٢٤).

دوای کەوتنی رژێمی پاشایەتیی عێراق لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨دا، حیزبی شیوعی عێراق پێوەندییان بە ژمارەیەك لە مامۆستایانەوە کرد، تا دەست لەکاربکێشنەوە، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ دەستەی کۆمەڵەکە ئەنجامبدرێت، ئەوەبوو دەستەکە دەستیان لەکارکێشایەوەو لە ئابی هەمان ساڵدا هەڵبژاردن کرایەوەو دەستەی نوێ هەڵبژێردرا، تا مۆڵەتی سەندیکای مامۆستایان دراو لەشاری سلێمانییش دا لقی سەندیکاکە کرایەوە، کە رۆڵێکی کاریگەریی هەبوو لە کۆکردنەوەو رێکخستنی مامۆستایاندا (رێگای کوردستان، ژمارە (١١)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٢).

لەو ماوەیەدا مامۆستایان لە خەمی ئەوەدابوون کۆڕو کۆبوونەوەی زۆرو هەمەجۆر ئەنجامبدەن، بۆ بەرەو پێشبردنی پەروەردەو فێرکردن و لێکۆڵینەوە لە مێژوو و جوگرافیای کوردستان و دەوڵەمەندکردن و بەپێزکردنی دیالێکت و ڕێزمانی کوردیی (سەعید، ٢٠١٣، ل٣٦). لەساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠یشدا بە چاودێریی (نەقابەی مەرکەزی مامۆستایان-عێراق)، دوو کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە بەڕێوەچوو، کە بووە هۆی ورووژاندنی مامۆستایان، بیرۆکەی دامەزراندن و ڕێکخستنی مامۆستایانی کوردستان لە یەك ڕێکخراوی پیشەیی کوردستانییدا بووە پێداویستییەکی گرنگ، لەبەرئەوەی ئامانج و خواستەکانی (نەقابەی مەرکەزی مامۆستایان) زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئامانج و خواستەکانی مامۆستایانی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوەبوو بەئامادەبوونی ژمارەیەك مامۆستا، لە ١٥ی ئایاری ١٩٦٢دا بە نهێنی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەشاری سلێمانی بەسترا (حاجی، ١٩٩٨،ل٨).

شایانی باسە لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٠دا، لقی سلێمانی سەندیکای مامۆستایان، گۆڤاری (بڵێسە)ی دەردەکرد، هەروەها ژمارەیەك کتێبی بە نرخیشی بە چاپ گەیاند (ڕێگای کوردستان، ژمارە (١١)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٢) .

هەر لەو ژمارەیەدا، ڕۆژنامەکە پەیامێکی ساڵی ١٩٩٢ی لیژنەی ڕاگەیاندنی (یەکێتیی دیموکراتی مامۆستایانی کوردستان)ی بڵاوکردۆتەوە، لە سەرەتای پەیامەکەدا باس لەوە دەکات کە حکومەتە کۆنەپەرستەکانی عێراق هەر لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە ترسیان لە سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان بە تایبەت مامۆستایان هەبوو. لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی حیزبی بەعسیشدا مامۆستایان بەرگەی هەموو ڕەفتارە خراپەکانی دەسەڵاتدارانیان گرتووە، کۆڵیان نەداوە ئەرکی پەروەردەیی و کوردایەتیی و نیشتمانپەروەریی خۆیان بەجێگەیاندووە. پاشان هەر لە پەیامەکەدا داوا لە مامۆستایان دەکات کە لە جاران گەرموگوڕتر پەیامی فێرکردن و پەروەردەیی ڕۆڵەکانی کوردستان بگرنە دەست و هەوڵبدەن بۆ لەناوبردنی هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی چەوت و ڕەگەزپەرستی کە چەندین ساڵە دژی گەلی کوردو کەمەنەتەوەییەکانی کوردستان پەیڕەوکراون، داواش لە یەکێتیی مامۆستایانیش دەکات کە ڕۆڵی سەرەکیی ببینێت لە ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەدا (ڕێگای کوردستان، ژمارە (١١)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٢).

هەر لەو پەیامەدا، ئاماژە بەوە دراوە کە یەکێتیی دیموکراتی مامۆستایانی کوردستان ڕێکخراوێکی پیشەیی و دیموکراتی و جەماوەریی مامۆستایانەو دەرگای بۆ گشت مامۆستایانی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر کراوەیە. شایانی باسە ئەو ڕێکخراوە لە ئەیلولی ١٩٩١دا لە لایەن ژمارەیەك مامۆستای کوردستان دامەزرایەوە (ڕێگای کوردستان، ژمارە (١١)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٢)، لەبەرئەوەی لە ساڵی ١٩٧٣ بەهۆی سیاسەتی فەرمانڕەوایانی عێراق، چالاکییەکانی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان ڕاگیرا بوو، بەڵام دوای ئازادبوونی خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بە دەسپێشخەریی ژمارەیەك مامۆستا جارێکی دیکە لە ئەیلولی ئەو ساڵەدا دامەزرایەوەو پەیڕەوو پرۆگرامێکی چڕوپڕی بۆ دانرا، ئەو ڕێکخراوەش سەر بە حیزبی شیوعی عێراق بوو (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شەریف، ٢٠٠٦، ل١٤٧-١٥١).

لە ڕۆژنامەکەدا ئەوە باسکراوە ، کە ئەو ڕێکخراوە لەژێر دروشمی (یەکگرتنی مامۆستایانی کوردستان و داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانیان و ژیانێکی دیموکراسییانەی خوێندن)، لە ڕۆژانی

١٤-١٥ی تەموزی ١٩٩٢ لەشاری سلێمانی یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست، بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکەش لە رێگای کوردستان دا بڵاوکرایەوە (بڕوانە: رێگای کوردستان، ژمارە (٨)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٢).

لە کۆی ئەم بابەتانەی باسکران، دەردەکەوێت کە رۆژنامەکە هەروەک ئەوەی کە زمانحاڵی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق بووە و سەر بە ئایدیۆلۆجیای مارکسیی بووە ، هەر لەو سۆنگەیەوە دەستی بۆ بابەتە مێژووییەکانیش بردووە و لە نووسینەکاندا بە روونی دەردەکەوێت کە کار لەسەر زەقکردنەوەی رۆڵی حیزبی شیوعی دەکرێت لە خەباتی سەندیکایی و هەر لەو رێگەیەشەوە روانیویانەتە بارودۆخ و سەردەمەکە و لێکدانەوەکانیان بە هەمان ئەدەبیاتی مارکسیی ئەنجامدراون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەم بابەتانە دەتوانن لە رووی مێژووییەوە بەشێک بن لە سەرچاوە و کەرەستەکانی کارکردنی مێژووییانە لەسەر بابەتی سەندیکایی مامۆستایان لەو ماوەیەداو بەشێکی گرنگ لە کەسایەتیی و رێککەوت و رووداوەکان لە خۆدەگرێت کە دەتوانن لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا وێنەیەکی روونتری خەباتی سەندیکایی لەو ماوەیەدا روون بکەنەوە.

هەر لە بارەی ژیان و خەباتی سەندیکایی، لە ژمارەیەکی دیکەیدا رۆژنامەکەدا بە ناونیشانی (گاورباغی.. لاپەڕەیەکی پڕشنگداری خەباتی کرێکارانە، ئامادەکردنی: باوکی بەهمەن)، بەشێکی ئەو خەباتە، لە رێگەی باسکردنی لایەنێکی مێژووی خەباتی سەندیکایی کرێکاران، خراوەتەروو. لە بابەتەکەدا باس لەوە کراوە کە لە ماوەی وەزارەتەکەی (ارشد العمري ١ی حوزەیرانی١٩٤٦- ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦)دا کرێکارانی نەوتی کەرکووك بۆ دامەزراندنی سەندیکایەکی تایبەت بە خۆیان، چەندین جار یاداشتیان پێشکەشکردووە، بەڵام حکومەت داواکارییەکەیانی پشتگوێخستووە، بۆیە بە ناچاریی جاڕی مانگرتنیانداوە، لەپێناو زیادکردنی مووچەی مانگانەو چارەسەرکردنی بارودۆخی کارو رێگەدان بە دامەزراندنی سەندیکا...هتد (رێگای کوردستان، ژمارە (٦٥)، ١٩٩٣/٧/١٣؛ بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە داواکارییەکان بڕوانە: قادر، ٢٠٠٥، ل٢٢٤). شایانی باسە، بەر لە مانگرتنەکە، بەهۆی جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان، لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا کرێکاران یاداشتێکیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوت کردبوو، هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو کە ئەگەر داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکرێت، ئەوا پەنا دەبەنە بەر راگەیاندنی مانگرتنی گشتیی (حميدي، ١٩٧٥، ص٤٢٨-٤٢٩)، بەڵام حکومەت لە جیاتی وتووێژکردن لەگەڵیاندا، فەرمانی گوشبارانکردنی کرێکارانی مانگرتووی دەرکرد، ئەوەبوو لە ١٢ی تەمووز لە گۆڕەپانی گاورباغی لەلایەن پۆلیسی شاری کەرکووك دەیانیان لێ کوژراو دەیانی دیکەشیان بریندار بوون، ٢٢ کرێکاریشیان دەستگیرکردن و راپێچی دادگای تایبەتیان کردن (رێگای کوردستان، ژمارە (٦٥)، ١٩٩٣/٧/١٣؛ بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە رووداوەکانی گاورباغی بڕوانە: عەبدوڕڕەحمان، ٢٠٠٦، ل١٣٠-١٣٩).

هەر سەبارەت بە خەباتی سەندیکایی، بابەتێك بە ناونیشانی (کورتەیەك لە مێژووی تێکۆشانی نەقابەکانی کرێکاران لە پارێزگاری سلێمانی داو رۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لەو تێکۆشانەدا ١٩٤٩- ١٩٦٣) لە نووسینی (باوکی هیوا)، بە چوار بەش و لە چوار ژمارەی جیاوازی رۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە. لە بەشی یەکەمدا وەك پێشەکییەك نووسەر ئاماژە بەوە دەدات کە هێزی داگیرکەر لەهەر شوێنێکدا بووبێت، رێگر بووە لە دەرکەوتن و پەرەسەندنی سەرمایەی نیشتمانیی، لە عێراقیشدا بە هەمان شێوە فەرمانڕەوایانی عەرەب نەیانهێشتووە

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد گەشە بکات و سەرمایەداریی لە کوردستاندا سەرهەڵبدات و پیشەسازیی دابمەزرێت، تەنانەت لە پلانەکانی حکومەتیشدا بۆ دانانی کارگەی هەمەجۆر لە شارەکانی عێراقدا، شارەکانی کوردستان لێی بێبەش دەکران، هەر بۆیە چینی کرێکار لە کوردستاندا زۆر درەنگ و بە کەمیی سەریهەڵدا (رێگای کوردستان، ژمارە(٦٠)، ١٩٩٣/٦/٨). لەم پێشەکییەدا بە روونی دەردەکەوێت نووسەر دەیەوێت لەسەر بنەمای چینایەتیی و فەلسەفەی مارکسیی لێکدانەوە بۆ رووداوەکان بکات و لێرەشەوە دواکەوتنی سەرمایەداریی و بۆرژوازی لە کوردستان ببەستێتەوە بە بابەتی داگیرکاریی عەرەبەوە.

نووسەر لە بابەتەکەیدا، لە میانی گێرانەوەی چەند رووداوێکی مانگرتنی کرێکارانی شاری سلێمانیی، باسی رۆڵی حیزبی شیوعی عیراق لە رووداوەکاندا دەکات، یەکەمین رووداویش کە باسی دەکات مانگرتنی کرێکارانی کارگەی توتنە لە ساڵی ١٩٤٩دا، بەهۆی کەمیی مانگانەو بایەخنەدان بە تەندروستییان، لەوکاتەشدا حیزبی شیوعی رۆڵی زۆریان هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی کرێکاران، سەرەرای ئەوەش راپەرینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ رۆڵێکی کاریگەریی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەیان (رێگای کوردستان، ژمارە(٦٠)، ١٩٩٣/٦/٨). لەو راپەرینەشدا کە دژی (پەیماننامەی پۆرتسمۆس)ی نێوان بریتانیاو عێراق بوو، حیزبی شیوعی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کورد، حیزبی گەل و باڵی چەپڕەوی حیزبی نیشتمانیی دیموکراتیی بە ئامانجی رێکخستنی خەباتی گەل و دیاریکردنی دروشمەکانی ئەو قۆناخە، لیژنەیەکیان بەناوی (لیژنەی هاریکاریی نیشتمانیی) دامەزراند، کە دروشمە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە: هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی پۆرتسمۆس، رووخاندنی حکومەتی ساڵح جەبر، هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرانی گەل، پێدانی مافە دیموکراتییەکان و نەهێشتنی گرانیی (والي، ١٩٧٩، ص١٢٤؛ عجينة، ١٩٧١، ص٢١-٢٣).

ژمارەی مانگرتووانی کارگەی توتن نزیکەی (٢٠٠) کرێکار بوون، لەو ژمارەیەشدا نزیکەی (١٥٠)یان ئافرەت بوون، لە یاداشتەکەشیاندا بۆ کاربەدەستان داوای زیادکردنی پارەی مانگانەیان، دانانی پزیشکی تایبەت بۆیان و بایەخدان بە تەندروستییان، کردنەوەی فرۆشگاو چێشتخانە لە کارگەکەیانداو هەروەها دەرنەکردنی کرێکاران بەبێ هۆ و ئازارنەدانیان کردبوو. مانگرتنەکە (٤) رۆژی خایاند، کاربەدەستانی کارگەکە هەموو هەوڵێکیان دا بۆ پاشگەزکردنەوەی کرێکاران و تەنانەت دروستکردنی دووبەرەکیی لەناویاندا، بەڵام بەهۆی هۆشیاریی سەرکردەکانی مانگرتنەکەو یەکگرتوویی کرێکارانەوە، هەموو هەوڵەکانیان بێئاکام بوون، بۆیە ناچار بوون تەواوی داخوازییەکانیان جێبەجێبکەن، کرێکارانیش بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە سەر کارەکانیان، بەڵام دوای چەند مانگێك حکومەت بە تەواوی کارگەکەی داخست (رێگای کوردستان، ژمارە(٦٠)، ١٩٩٣/٦/٨). دەتوانین بڵێین دەسەڵاتداران لەوە ترساون کە کرێکاران بەرداوامبن لە جوڵانەوەکانیان و ئەوەش پەرەبسێنێت، بۆیە کارگەکەیان داخستووە.

دووەمین رووداو کە نووسەر دەگێڕێتەوە، پەیوەندیدارە بە کرێکارانی فەرمانگەی (غاباتی سلێمانی) لە ساڵی ١٩٤٩دا، لە هاوینی ئەو ساڵەدا فەرمانگەکە (٢٥) کرێکاری دامەزراندووە بە رۆژانەی (١٥٠)فلس، کە ئیشیان ئەوەبوو هەموو بەیانییەك هەریەکەیان بە پێ کوڵێك بەڕوو بەسەر بخەن، بۆ شاخی گۆیژە بە مەبەستی رواندنیان، پاشانیش هەر بە پێ بگەڕێنەوە، کە بە کرێکاری بەڕووەکان ناونرابوون. جا بەهۆی ئەوەی لەناو کرێکارەکاندا یەکێکی شیوعی و ژمارەیەك دۆستی ئەو حیزبەی تێدابوو، لە ماوەیەکی کەمدا توانرا تێیانبگەیەنن کە بەشخووراوو ستەملێکراون، پێویستە یەکبگرن و داوای مافەکانیان بکەن، ئیتر



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

بەرە بەرە هەموویان ئامادەییان نیشان دا بۆ مانگرتن. لە پاییزی هەمان ساڵدا لە کاتی کارکردن لە شاخی گۆیژە، یەکێك لە کرێکارەکان چووە بەردەم ئەو کاربەدەستانەی لەوێدا ئامادەبوون، بەناوی هەموو کرێکارانەوە داخوازییەکانیانی پێراگەیاندن، کە بریتی بوون لە زیادکردنی رۆژانەیان لە (١٥٠)فلسەوە بۆ (٢٠٠)فلس، هەروەها دابینکردنی ئۆتۆمبیل لە لایەن حکومەتەوە بە مەبەستی هاتوچۆکردنیان بۆ شاخی گۆیژە. لە سەرەتادا کاربەدەستان تووڕەبوون و هەڕەشەیان لێکردن، بەڵام دوای دوو رۆژ لە مانگرتنی کرێکاران، ناچاربوون داخوازییەکانیان جێبەجێبکەن. ئەو شوێنەش کە بەڕوویان تێدا دەڕواند ئێستا پێیدەگوترێت داربەڕووەکان (رێگای کوردستان، ژمارە(٦٠)، ١٩٩٣/٦/٨).

بەشی دووەمی بابەتی (کورتەیەك لە سەرەتاکانی مێژووی تێکۆشانی نەقابەکانی کرێکاران...)، کە لە ژمارەیەکی دیکەی رۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، تایبەتە بە سەندیکاکان. لەسەرەتاشدا نووسەر باس لە چۆنیەتی پێکهێنانی سەندیکاو یەکێتییە نهێنییەکان دەکات و ئەوە دەردەخات کە لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٢)ەوە لە ئەنجامی ئەو دۆخە نالەبارەی کرێکاران تێیدا دەژیان، حیزبی شیوعی عێراق دەستیکرد بە لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوە لە دامەزراندنی سەندیکای پیشەیی نهێنی، لە ئەنجامیشداو بۆ یەکەمین جار لە شاری سلێمانی لە هاوینی هەمان ساڵدا سەندیکای نانەواکان و سەندیکای بەرگدرووان، پاشان تا ئابی ١٩٥٣ ژمارەیەکی دیکەش دامەزران، لەوانەش سەندیکای شوفێرو یارمەتیدەرانیان، ئاسنگەران، دارتاشان، پێڵاودرووان و سەرتاشان، هەروەها یەکێتیی قەسابان و یەکێتیی سەوزە فرۆشان. لە سەرەتاشدا کادیرانی حیزبی شیوعی هەڵمەتێکی رێکوپێکی هۆشیارکردنەوەیان سازداوە، بۆ باسکردنی سوودەکانی سەندیکاو شیکردنەوەی واتای (تێکۆشانی سەندیکایی). دوای ئەوەش چەندین کۆبوونەوەی فراوان سازدران بۆ ئەندام و پاڵێوراوو دۆستانی ناو بازنەی رێکخستن (رێگای کوردستان، ژمارە(٦١)، ١٩٩٣/٦/١٥). شایانی باسە لە ساڵانی ١٩٥٢ و ١٩٥٣ ئەو سەندیکایانە لە شاری سلێمانی لە لایەن حیزبی شیوعی عێراقەوە بە نهێنی دامەزران، کە رۆڵیان گێڕاوە لە هۆشیارکردنەوەو ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆر، ئەوەش بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە مێژووی خەباتی کرێکارانی ئەم شارەدا (کەریم، ٢٠١٢، ل١١٢).

دوای ئەوە نووسەر باسی مەرجەکانی وەرگرتن لە سەندیکادا، هەروەها چۆنیەتی رێکخستنی سەندیکاو یەکێتییەکان و بەرنامەیان و گیانی یەکێتیی و هاوکاریی لە نێویاندا دەکات. پاشان باس لە گرنگترین ئەو ئەرکانە دەکات کە سەندیکاو یەکێتییەکان بەجێیانهێناون. گرنگترین ئەو دەستکەوتانەش کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٣دا بەدەستیانهێناون، ئەمانە بوون:

١-ژمارەیەکی زۆری کرێکارو دوکاندار چوونە ریزی سەندیکاکانەوە، شانبەشانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو سەردەمە لە گۆڕەپانی خەباتدا بوونە.

٢ -هەرچەندە سەندیکاو یەکێتییەکان نهێنی بوون، بەڵام بە هۆی ئازایەتیی سەرکردەکانیان توانیان رۆڵێکی کاریگەر بگێڕن.

٣ -بڕیاری لە هەفتەیەکدا رۆژێك پشوو، هەروەها هەشت سەعات کارکردن لە رۆژێکدا چەسپا.

٤ -تا رادەیەك توانرا چارەسەری بێکاریی بکرێت، لە رێگەی دۆزینەوەی کار، یان یارمەتیدانیان بە پارەی سەندیکا.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

٥ -تا راددەیەك رۆژانەو مانگانەی كرێكاران زیادكرا.

٦ -ژمارەیەك سەندیكا لەگەڵ ژمارەیەك پزیشكی نیشتمانپەروەر رێككەوتن، پشكنینی كرێكارو خێزانەكانیان بە نیوە نرخ و هەندێ جاریش بەخۆڕایی بێت (رێگای كوردستان، ژمارە(٦١)، ١٩٩٣/٦/١٥).

لە بەشی چوارەم و كۆتاییشدا، نووسەر باسی رۆڵی سیاسیی سەندیكاو یەكێتییەكان دەكات، لە سەرەتادا ئاماژە بەوە دەدات كە ئەو سەركەوتنانەی لەو سەردەمەدا لە پارێزگای سلێمانی دا بەدەستیانهێناوە، سەرۆكەكانیان شیوعی، یان لایەنگری حیزبی شیوعی بوونە. پاشان شەش چالاكیی بە نموونە دەهێنێتەوە كە سەندیكاو یەكێتییەكان رۆڵیان تیایاندا گێڕاوە. نموونەی یەكەم ئەو خۆپیشاندانەیە كە لە رۆژانی ١٣و ١٤ی حوزەیرانی ١٩٥٢دا لە لایەن حیزبی شیوعی عێراقەوە لە پارێزگای سلێمانی رێكخراوە، دژی گرانبوونی نرخی گەنم و جۆ، لە ئەنجامی هەڵپەرستی ژمارەیەك بازرگان كە بە هەماهەنگیی لەگەڵ كاربەدەستان گەنم و جۆیان بە نرخێكی هەرزان دەكڕی و دەیانبردە بەغداو لەوێشەوە بۆ دەرەوەی وڵات دەیانگواستەوە بەمەبەستی فرۆشتنەوەیان. لەو خۆپیشاندانەشدا ژمارەیەكی زۆری كرێكارانی سەندیكاكان بەشدارییان كرد، كە ژمارەیەك لەوانە دەسگیركران (رێگای كوردستان، ژمارە(٦٦)، ١٩٩٣/٧/٢٠).

چالاكیی دووەمیش، بەشداریی زۆربەی سەندیكاكان بوو لەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی كە لە ئەیلولی ١٩٥٣دا حیزبی شیوعی لە شاری سلێمانی دا بەڕێوەی برد، دژی ئەو تاوانەی كە دەسەڵاتداران دەرهەق بە زیندانییانی شیوعی لە بەندیخانەی كوت ئەنجامیاندابوو بە گوللەبارانكردنیان، كە بەهۆیەوە ژمارەیەكی زۆریان كوژران و ژمارەیەكیشیان بریندار كران(رێگای كوردستان، ژمارە(٦٦)، ١٩٩٣/٧/٢٠).

سێیەمین چالاكییش، دوای ئەوەبوو كە لە ساڵی ١٩٥٣دا بۆ یەكەمین جار حكومەت بڕیاریدا لە شاری سلێمانی هەڵبژاردن بۆ چەند ئەندامێكی ئەنجوومەنی شارەوانیی بكرێت، بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەك پارێزەری نیشتمانپەروەر، بە ئامۆژگاریی و رەزامەندیی حیزبی شیوعی و پارتی دیموكراتی كوردستان خۆیان هەڵبژارد، بەڵام كاربەدەستان كە زانییان ئەو پارێزەرانە دەردەچن، دەستیان بە ساختەكاریی كرد، بۆیە جەماوەری شار دەستیان بە خۆپیشاندان و مانگرتن كرد بۆ ماوەی هەفتەیەك. لە بەرانبەردا كاربەدەستان لەبەرئەوەی توانای بەرگریكردنیان نەبوو، بۆیە (٤٠٠) پۆلیسی هێزی گەڕۆك (القوة السيارة)یان لە بەغداوە بۆ دامركاندنەوەیان هێنا. لێرەدا سەندیكای نانەواكان دژی ئەو هەڵوێستەی حكومەت دەستیان بە مانگرتن لە نانكردن كرد بۆ ئەو پۆلیسانە، سەرجەم سەندیكاكانی دیكەش رۆڵی خۆیان لەو مانگرتن و خۆپیشاندانانەدا بینی (رێگای كوردستان، ژمارە(٦٦)، ١٩٩٣/٧/٢٠).

چوارەمین چالاكیی سیاسی سەندیكاو یەكێتییەكان، كە لە بابەتەكەدا باسی لێوەكراوە، لە یادی چلەی كۆچی دوایی جۆزیف ستالین (١٨ی كانونی یەكەمی ١٨٧٨- ٥ی ئاداری ١٩٥٣) سەرۆكی یەكێتیی سۆڤیەت دا بوو، بەو بۆنەیەوە كۆبوونەوەیەكی فراوانیان بە ناوی سەیران و گەشتەوە رێكخست، بە سواری (١٠) لۆری بارهەڵگرو چەند ئۆتۆمبیلێكی دیكەوە كە ژمارەیان (٥٠٠) كەس دەبوون، لە سلێمانییەوە چوون بۆ گوندی چەرمەگا لە ناحیەی پیرەمەگرون، سەندیكای نانەواكان ئەركی رێكخستن و سەرپەشتیكردنی كۆبوونەوەكەی گرتەئەستۆ، سەندیكای شۆفێرانیش لۆری و ئۆتۆمبیلەكانی دیكەی ئامادەكرد، هەر بۆ ئەو یادە چەند كەسێك



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

لە کەرکووکیشەوە هاتبوون. کاربەدەستانی حکومەت بە هەموو توانایانەوە نەیانتوانی بزانن ئەو هەموو قەرەباڵغییە بەرەو کوێ دەچێت، لە گەڕانەوەشدا بە هوتافکێشان و خۆپیشاندانەوە هاتنەوە ناو شار، لەبەر زۆری بەشداربووانیش حکومەت نەیتوانی پەلاماری خۆپیشاندەران بدات، بەڵام پاشان ژمارەیەکیان دەسگیرکردن (رێگای کوردستان، ژمارە(٦٦)، ١٩٩٣/٧/٢٠).

چالاکیی پێنجەمیش کە نووسەر لە بابەتەکەیدا باسی دەکات، سەبارەت بە رۆڵی سەندیکاو یەکێتییەکان لە بواری سیاسییدا، بەشدارییان بوو شانبەشانی حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەڵمەتی بانگەشە بۆ سەرخستنی بەرەی نیشتمانیی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەساڵی ١٩٥٤دا، کە بە هۆیەوە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی سەندیکاو یەکێتییەکان و ئەندامانیان لە لایەن حکومەتەوە دەسگیرکران (رێگای کوردستان، ژمارە(٦٦)، ١٩٩٣/٧/٢٠).

شایانی باسە کاتێك ئەرشەد ئەلعومەری (١٨٨٨-١٩٧٨) لە ٢٩ی نیسانی ١٩٥٤دا کابینەی حکومەتی پێکهێنا، لەلایەن حیزبە نیشتمانییەکانەوە تووشی رووبەڕووبوونەوە هات، لەبەرئەوەی لە رابردوودا کەسێکی داپلوسێنەرو سەرکوتکەر بوو (البوتاني، ٢٠٠٧ -ب، ص٤٢). دوای پێکهێنانی حکومەتیش، ئەرشەد ئەلعومەری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی داو رۆژی ٩ی حوزەیرانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەستنیشانکرا، بەوەش حیزبە سیاسییە نهێنی و ئاشکراکان کەوتنە نواندنی چالاکیی و هەموویان رایانگەیاند کە بەشداری هەڵبژاردنەکە دەکەن (عبود، ١٩٨٥، ص٣٥). پرسی هەڵبژاردن وای لە حیزبە سیاسییەکان کرد کۆبوونەوەی نێوانیان ئەنجامبدەن، تاکو لە چوارچێوەی بەرەیەکدا بەشداریی هەڵبژاردنەکە بکەن، لە ئەنجامدا لە ١٢ی ئایاری ١٩٥٤دا (بەرەی نیشتمانیی هەڵبژاردنخواز/ الجبهة الوطنية الانتخابية) لە نێوان حیزبی سەربەخۆیی، حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی، حیزبی شیوعی، رێکخراوی لایەنگرانی ئاشتی و ژمارەیەك لە بێلایەنەکان پێکهێنرا (البوتاني، ٢٠٠٣، ص٤١٤). پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەبەرئەوەی لە لایەکەوە لەسەرانسەری عێراقدا رێکخستنی نەبوو (البوتاني، ٢٠٠٧ -ب، ص٤٢)، لە لایەکی دیکەشەوە نەیدەتوانی بە شێوەیەکی ئاشکرا چالاکییەکانی ئەنجامبدات، هەروەها دەیویست پارێزگاریی لە رێکخستنەکانی بکات، بۆیە نەچووە نێو ئەو بەرەیەوە، بەڵکو ژمارەیەك لە ئەندامانی بە شێوەیەکی بێلایەن کاندید کرد، لەوانەش: ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠٠)، (عومەر مستەفا) (١٩٢٤-١٩٩٢)، مەسعود محەمەد (١٩١٩-٢٠٠٢)و مەعروف بەرزنجی (١٩١٧-١٩٦٣)(١)، بەڵام یەکەم و دووەمیان لەلایەن حکومەتەوە دەسگیرکران و تا دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە ئازادنەکران (حميدي، ١٩٨٠، ص٢٢٩؛ اسود، ١٩٨٦،ص٣٩٧)، سێیەمیان توانی لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، دوای سەرکەوتنیشی چووە پاڵ بەرەی نیشتمانیی هەڵبژاردنخواز/ الجبهة الوطنية الانتخابية) (محمد، ١٩٩٢، ل٣١٤)، بەمەش ژمارەی کورسییەکانی ئەو بەرەیە لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا بووە ١١ کورسی لە کۆی ١٣٥ کورسی (مصطفى، ١٩٧٨، ص٢٣٦-٢٣٧). شایانی باسە، رۆژی هەڵبژاردن ٩ی حوزەیران، شاری سلێمانی وەکو شارێکی داگیرکراو وابوو، پۆلیس بە چەك و کڵاوی ئاسنینەوە سەر شەقام و سەر مزگەوتەکان و دەرگاو بانەکانیان گرتبوو (خەزنەدار، مایسی ١٩٧٠، ل١٥٧.(

شەشەمین چالاکییش سەبارەت بە رۆڵی سەندیکاو یەکێتییەکان لە رووی سیاسییەوە، بەشداریکردنیان بوو لەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بەرفراوانەی سلێمانی کە رۆژی ٢١ی

ئاياری ١٩٥٥ لە لایەن حیزبی شیوعییەوە رێکخرابوو، دژی بەستنی پەیماننامەی بەغدا. خۆپیشاندەران لە لایەن پۆلیس و چەکدارانی حکومەتەوە پەلاماردران، بەهۆیەوە کوشتارو برینداری لێکەوتەوە، لە نێویاندا کەسێکیان کوژرا بەناوی (بەکر ئەحمەد) کە بە (بەکرە سۆری خەیات) ناسرابوو، کە ئەندامی حیزبی شیوعی و ئەندامی سەندیکای بەرگدرووان بوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەو ئەندامانی سەندیکاکان دەسگیرکران و ئازاردران، لەوانەش (ئەحمەد عارف) کە سەرۆکی سەندیکای نانەواکان بوو (رێگای کوردستان، ژمارە(٦٦)، ١٩٩٣/٧/٢٠).

شایانی باسە، هەرچەندە ئامانجێکی سەرەکی بەستنی پەیماننامەی بەغدا بەرگرتن بوو لە هەژموون و دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا، بەڵام یەکێك لە ئامانجە شاراوەکانی لێدانی جوڵانەوە نیشتمانیی و رزگاریخوازەکانی ناوچەکە بوو لەوانەش کورد، هەر بۆیەش کورد دژی پەیماننامەکە بوو، پێیوابوو کە وڵاتانی بەشدار لە پەیماننامەکەدا دژی دۆزی کوردن (محمد، ٢٠٠٩، ص٣٤و٤٠). پێویستە ئەوەش بڵێین، هەرچەندە خۆپیشاندانەکەی سلێمانی لە لایەن حیزبی شیوعییەوە رێکخرابوو، بەڵام لیژنەی سلێمانی ئەو حیزبە لەگەڵ سازدانی ئەو خۆپیشاندانە نەبوون، بەڵکو لەژێر فشاری سەرکردایەتی حیزبەکەیان ئەنجامیانداوە، چونکە لیژنەکە باوەڕیان وابوو کە بەریتانیا لایەنێکی نێو پەیماننامەکەیە، بۆیە خۆپیشاندان کاریگەریی نابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دانیشتوانی شارەکە دووچاری نارەحەتیی و گرتن و کوشتن دەبنەوە (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: خۆشناو، ٢٠٠٦، ل ل١٨٥-١٩٧). لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە لەو کاتەدا عومەر عەلی (١٩٠٠-١٩٧٤) موتەسەریفی سلێمانی بووە، کە کەسێکی تۆرانیی بووەو تەواوی هەوڵەکانی خستبووەگەڕ بۆ سەپاندنی سیاسەتی تیرۆرو لێدانی کەسانی نیشتمانپەروەرو سڕینەوەی فەرهەنگ و رۆشنبیریی کوردیی (قفطان، ٢٠٠٤، ص٤٩)، تەنانەت لەو ماوەیەدا لە جیاتی جەژنی نەورۆز، ئاهەنگی جەژنی دارو درەختی داهێنابوو، لە هەمان رۆژیشدا واتە ٢١ی ئادار ئاهەنگەکەی سازدەدا، تاکو لەو رێگەیەوە نەورۆز کە جەژنێکی نەتەوەیی کوردە لەبیرببەنەوە (شێخ جەلال، ٢٠٠٢، ٢٧٢).

دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و نەمانی رژێمی پاشایەتیی لە عێراقدا، خەباتی سەندیکایی پێینایە قۆناخێکی نوێوە، لە خەباتی نهێنی بەرەو خەباتی ئاشکرا، هەر لە سەرەتاشەوە شانبەشانی حیزبەکان رۆڵیان گێڕا لە هاندانی جەماوەر بۆ پشتگیریکردنی رژێمی کۆماریی، لە بەغدا سەندیکای ناوەندیی دامەزرێنران، لقی شارەکانیش رێگەیان پێدرا بۆ کردنەوەی بارەگاکانیان، سلێمانییش یەکێك بوو لەو شارانە، لە ماوەیەکی کەمدا ٣١ سەندیکاو لیژنەی سەندیکایی لە سلێمانی، دەربەندیخان، هەڵەبجە، دوکان، رانیەو قەڵادزێ دامەزرێنران، کە نووسەر لە بابەتەکەیدا (مێژووی تێکۆشانی نەقابەکانی کرێکاران...) ناوی هەموو سەندیکاکانی هێناوە (رێگای کوردستان، ژمارە(٦٦)، ١٩٩٣/٧/٢٠).

لە سەرەتادا دامەزراندن و دەرکردنی کرێکاران بە دەست سەندیکاکانەوە بوو، بۆیە لەو ماوەیەدا رۆڵێکی گرنگیان گێڕاو خزمەتێکی زۆری کرێکارانیان کرد، بەڵام هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ەوە بەهۆی لادانی رژێمی نوێی فەرمانڕەوا لە پرەنسیپە دیموکراسییەکان، لەمپەر بۆ سەندیکاکان دروستکراو هێرشکرایە سەر سەرکردەکانیان، ئەو دۆخە شاری سلێمانیشی گرتەوە، ئەوەبوو لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٠دا هەردوو سەرۆکی سەندیکاکانی بەرگدرووان و شوفێران بە بیانووی پیلانگێران دەسگیرکران. بەرە بەرە لە سەندیکاکانی دیکەش دران و لە هەڵبژاردنەکانیاندا ساختەو هەڕەشە بەکاردەهێنران، بە مەبەستی ئەوەی سەرکردە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

راستەقینەکانیان دووربخەنەوەو کەسانی نۆکەرو ناپاك بەسەربخەن. سەرەڕای ئەو دۆخە ناهەموارەش، شیوعییەکان بەردەوامبوون لە تێکۆشان و قوربانیدان، تا کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی بەعسییەکان، کە دوای ئەوە لە سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە دیموکراسییەکان و جوڵانەوە سەندیکاییەکان لە سەرانسەری عێراق درا (ڕێگای کوردستان، ژمارە(٦٦)، ١٩٩٣/٧/٢٠).

لەم زنجیرە بابەتەدا بە روونیی دەردەکەوێت کە نووسەر هەوڵی زەقکردنەوەی رۆڵی حیزبی شیوعی دەدات لە ڕووداوەکاندا ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە میانەی گێڕانەوەکانیدا زانیاریی زۆری دەربارەی رۆڵی کرداریی ئەو حزبە و چالاکییەکانی دەخاتەڕوو ، هاوکات زانیاریی ورد دەربارەی ژیانی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و خەباتی مەدەنی و چینایەتیی دەخاتەروو، هەروەها رۆڵی کەسایەتیی و پیشەوەرەکان لە شاری سلێمانی ، وەکو بەشێک لە یادگەی خەڵکەکە دەخاتەڕوو ،کە جارێکی تریش ئەمە کارێکە لەسەر ئەو لایەنانەی کە لە دەقە فەرمییەکاندا زۆر لای لێنەکراوەتەوە ، دەکرێ بۆ روونکردنەوەی وێنەی گشتی ئەو رووداوانە لەو ماوەیەدا بایەخێکی مێژوویی زۆریان هەبێت.

ئەنجام

لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین لەوانە :

١ -روژنامەی ڕێگای کوردستان لە ژمارەکانی ئەو ماوەیەدا(١٩٩١ – ١٩٩٤) بایەخی زۆری بە خەباتی چینایەتیی و سەندیکایی داوە، ئەویش وەکو بەشێک لە فیکر و ئایدۆلۆجیای پارتەکە، کە حیزبی شیوعی بووە .

٢ -هەرچەندە لە زۆربەی بابەتەکاندا هەوڵدراوە رۆڵی حیزبی شیوعی زەق بکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، تا رادەیەکی زۆر بێلایەنیی رەچاوکراوە، هەوڵدراوە واقیع بخرێتە روو.

٣ -بابەتەکانی ئەم رۆژنامەیە کە لە بارەی خەباتی چینایەتیی و سەندیکایی نووسراون، لە دوو بواردان هەندێکیان بابەتی مێژوویین و هەندێکی تریان لە چوارچێوەی راپۆرتدا ئەنجامدراون ، بەڵام لە رووی مێژووییەوە بە هەردوو جۆرەکە دەکرێت بەشێک بن لە کەرەستە و سەرچاوەی مێژوویی بۆ گێڕانەوەی بەشێک لە واقیعی رابردووی ئەو بابەتەی باسی لێوەکراوە .

٤ -گرنگیی بابەتەکانی ئەم رۆژنامەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەشێکی زۆریان دەربارەی بابەت گەلێکن، کە لە بواری مێژوونووسیی و هاوکات بەڵگەنامەی نووسراویشدا کەمترین کاریان لە بارەوە کراوە، بۆیە دەکرێت وەکو کۆڵینەوە لە پەراوێزخراوەکان چاویان لێبکرێت، هاوکات وەکو بەشێک لە گێڕانەوەی یادەوەریی ئەو سەردەمانەی کاریان لە بارەوە کردووە .


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

لیستی سەرچاوەکان

رۆژنامەکان

أ-بەزمانی کوردیی:

١-بەرەی کوردستانی (ئۆرگانی ناوەندیی بەرەی کوردستانی عێراق)، ژمارە (٢٢)، تشرینی دووەمی ١٩٩٠.

٢ -رێگای کوردستان (ئۆرگانی هەرێمی کوردستان- حیزبی شیوعی عێراق)، ژمارە (٧)، سەرەتای تەموزی ١٩٩٢.

٣ -رێگای کوردستان، ژمارە (٨)، تەموزی ١٩٩٢.

٤ -رێگای کوردستان، ژمارە (١٠)، کۆتایی ئابی ١٩٩٢.

٥ -رێگای کوردستان، ژمارە (١١)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٩٢.

٦ -رێگای کوردستان، ژمارە (٤٥)، ١٩٩٣/٢/٩.

٧ -رێگای کوردستان، ژمارە (٤٧)، ١٩٩٣/٢/٢٣.

٨ -رێگای کوردستان، ژمارە (٤٨)، ١٩٩٣/٣/٢.

٩ -رێگای کوردستان، ژمارە (٤٩)، ١٩٩٣/٣/٩.

١٠ -رێگای کوردستان، پاشکۆی ژمارە (٥٩)، ١٩٩٣/٥/٣٠.

١١ -رێگای کوردستان، ژمارە (٦٠)، ١٩٩٣/٦/٨.

١٢ -رێگای کوردستان، ژمارە (٦١)، ١٩٩٣/٦/١٥.

١٣ -رێگای کوردستان، ژمارە (٦٢)، ١٩٩٣/٦/٢٢.

١٤ -رێگای کوردستان، ژمارە (٦٥)، ١٩٩٣/٧/١٣.

١٥ -رێگای کوردستان، ژمارە (٦٦)، ١٩٩٣/٧/٢٠.

١٦ -رێگای کوردستان، ژمارە (٧٦)، ١٩٩٣/٩/٢٨.

١٧ -رێگای کوردستان، ژمارە (٧٧)، ١٩٩٣/٩/٥.

١٨ -رێگای کوردستان، ژمارە (٩١)، ١٩٩٤/١/١١.

ب- بەزمانی عەرەبیی:

١-الوقائع العراقية (الجريدة الرسمية للجمهورية العراقية)، العدد (١٦٢٥)، ١٩٣٨/٤/١١ .

٢ -الوقائع العراقية، العدد (١٧١٧)، ١٩٣٩/٧/٢٤.

٣ -الوقائع العراقية، العدد (٤٤)، ١٩٥٨/٩/٣٠.

٤ -الوقائع العراقية، العدد (١٨٨٤)، ١٩٧٠/٥/٣٠.

٥ -الوقائع العراقية، العدد (٢٤٧٥)، ١٩٧٥/٦/٩.

گۆڤار:

أ-بە زمانی کوردیی:

١ -خەزنەدار، د.مارف (مایسی ١٩٧٠)، مارف بەرزنجی، مێژووی ژیانی شێخ مارف بەرزنجی، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەشی ٢، بەرگی ٣.

٢ -کەریم، مستەفا ساڵح (یۆنیۆی ٢٠٠٣)، بۆ جارێکی تر لە دەروازەی قوتابخانەی مەڵکەندییەوە چەندین بیرەوەری خۆی ئەوروژێنێ، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە (٣٥)، ساڵی چوارەم.

ب- بە زمانی عەرەبیی:

١-بوتاني، عبدالفتاح علي يحيى، ٢٠٠٠، اضاءة حديدة على حركة فلاحي سهل اربيل في ٢٢ نيسان ١٩٥٣، مجلة گولان العربي، العدد ٢٠٤، ٣٠ تشرين الثاني.

٢ -عجينة، رحيم، ١٩٧١، وثبة كانون معركة ظافرة وصفحة حافلة بالتجارب، مجلة الثقافة الجديدة، العدد ٢١، كانون الثاني.

نامەی زانکۆیی

أ-بە زمانی کوردیی:

١ -احمد، کۆرەك حسن (٢٠١٧)، قەزای شەقڵاوە لە سەردەمی پاشایەتییدا (١٩٢١-١٩٥٨) توێژینەوەیەکی مێژووییە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

٢ -سمایل، سروە قادر (٢٠١٠)، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستان- عێراق ١٩٨٠-١٩٩٠ توێژینەوەیەکی مێژووییە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.

٣ -عەبدوڕەحمان، دڵشاد مەحمود (٢٠٠٦)، کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی رۆڵی سیاسی و رۆشنبیریی ١٩٣٢-١٩٥٨، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

ب- بە زمانی عەرەبیی:

١ -عبود، رياض (١٩٨٥)، انتخابات حزيران عام ١٩٥٤ في العراق، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد.

٢ -والي، خميس حزام (١٩٧٩)، وثبة كانون الوطنية في العراق ١٩٤٨، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد.

کتێب

أ- بە زمانی کوردیی:

١ -حاجی، م. وشیار حەمەد (١٩٩٨)، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان و تێکۆشان ١٩٦٢-١٩٩٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢-خۆشناو، عوسمان مستەفا (٢٠٠٧)، لەگەڵ رۆژگاردا؛ گەلاوەریوەکان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٣-سمایل، مەلا عەولای حاجی (١٩٩٠)، سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئەلرەشاد، بەغدا.

٤-سەعید، مامۆستا محەمەد باقی (٢٠١٣)، بۆ مێژوو، دامەزراندن و خەباتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بیرەوەرییەکان و خەباتی مامۆستایان بەدرێژایی مێژووی سەردەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٥-شێخ جەلال، ئەبوبەکر (٢٠٠٢)، بەرهەمی خەبات، بەشێك لە بەرهەمەکانی أ.ب.هەوری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦-شەریف، عەبدوڵڵا (٢٠٠٦)، پەیڤەکانی نێو هەگبەی رێبوارێك ئاودەڵۆك، چاپ و بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

٧-قادر، مەهدی محەمەد (٢٠٠٥)، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی.

٨-کەریم، توانا رەشید (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨) لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسیی و رۆشنبیری، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٩-محمد، مسعود (١٩٩٢)، گەشتی ژیانم، ستۆکهۆڵم.

١٠-مەلا یەحیا، رەشاد (٢٠٠٦)، ژیانی جووتیارانی دەشتی هەولێر راپەڕینی ساڵی ١٩٥٣، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.

١١-هەریری، نەجمەدین مامۆ (٢٠٠٩)، بیرەوەرییەکانی نەجمەدین مامۆ هەریری، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

ب- بە زمانی عەرەبیی:

١ -اسود، عبدالرزاق محمد (١٩٨٦)، موسوعة العراق السياسية، المجلد السادس، بيروت.

٢ -البوتاني، د.عبدالفتاح علي (٢٠٠٣)، الحياة الحزبية في الموصل ١٩٢٦-١٩٥٨، مطبعة وزارة التربية، اربيل.

٣ -البوتاني، د.عبدالفتاح علي (٢٠٠٧ -أ)، دراسات ومباحث في تاريخ الكورد والعراق المعاصر، دار سپيرز للطباعة والنشر، مطبعة حجي هاشم، اربيل

٤ -البوتاني، د.عبدالفتاح علي (٢٠٠٧ -ب)، موقف الاحزاب السياسية العراقية، من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠، مطبعة خاني، دهوك.

٥ -حميدي، جعفر عباس (١٩٧٦)، التطورات السياسية في العراق ١٩٤١-١٩٥٣، مطبعة النعمان، النجف.

٦ -حميدي، جعفر عباس (١٩٧٦)، التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية في العراق ١٩٥٣-١٩٥٨، بغداد.

٧-خيري، سعاد (١٩٧٨)، من تاريخ الحركة الثورية في العراق ١٩٢٠-١٩٥٨، الجزء الاول، الطبعة الثانية، دار الرواد للطباعة والنشر، بغداد.

٨-قفطان، الدكتور كاوس(٢٠٠٤)، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٤.

٩-محمد، شيرزاد زكريا (٢٠٠٩)، اثر حلف بغداد على الحركة التحررية القومية الكوردية، مطبعة جامعة دهوك، دهوك.

١٠-مصطفى، عبدالجبار عبد (١٩٧٨)، تجربة العمل الجبهوي في العراق بين ١٩٢١-١٩٥٨، دار الحرية للطباعة، بغداد.

بڵاوكراوه حيزبييەكان:

١-حيزبی شيوعی كوردستان (٢٠٠٢)، راپەڕينی جووتيارانی دەشتی هەولێری ساڵی ١٩٥٣ وەكو خۆی، كۆكردنەوەی: حەسەن تەها، سەلیم شێخ محەمەد، بابا عەلی جەباری، هەولێر.

-ماڵپەرە ئەلیكترۆنییەكان:

-الخفاجي، رشا (٢٠٢٠)، تاريخ نشأة نقابة المعلمين العراقيين من سنة (١٩٥٨-١٩٧٩)، ٢٠٢٠/٣/١٨، https://www.ahewar.org (٢٠٢٥/٢/٢٠).


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS